



وتووێژی بەڕێز مستەفا هیجری
٤



وتووێژ لەگەڵ کەیهان یووسفی
٥



دەرگا لەسەر گێژەنەی خۆی دەسووڕێتەوە
٨



زیادکردنی حەشیمەت، فێڵێک بۆ ...
٩



... دوای مەشرووتە، لە ئێراندا
١١


دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٢٠، یەکشەممە، ١٥ی بەفرانباری ١٣٩٢، ٥ی ژانویەی ٢٠١٤، ٥٠٠تمەن

www.kurdistanmedia.com


**پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مستەفا هیجری، بە بۆنەی سەری ساڵی نوێی زایینییەوە**

بەبۆنەی جێژنی سەری ساڵی تازەی زایینی، پیرۆزبایی خۆم پێشکەش بە هەموو مەسیحییەکانی جیهان، بەتایبەت خوشك و برا مەسیحییەکانی دانیشتووی کوردستانی ئێران دەکەم. هیوادارم ساڵی نوێ بۆ هەموو لایەك ساڵێکی پڕ لە خۆشی و شادی بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری

## ئاشکرابوونی پیلانێکی دیکەی ئێران لە بەحرەین



بەحرەین سوپای پاسدارانی ئێرانی بە فێرکاریی و ڕاهێنانی عەمەلیاتی تەقینەوە بە میلیشیا دژبەرەکانی خۆی تۆمەتبار کرد. بەرپرسانی مەنامە ئامانجی ڕێژیمی ئێران لەم کارە بە بەڕێوەبردنی پلانی هێرش لە بەحرەیندا دەزانن.

ئوسامە عوفی، سەردۆزگەری گشتیی بەحرەین، ڕۆژی هەینی، ٣ی ژانوییە، بەرامبەر بە ١٣ی بەفرانبار، بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی و زانیاریی ئەم وڵاتە ڕایگەیاند کە "ئەحمەد مەحفوز مووسەوی بەحرەینی" زنجیرە تەقینەوەیەکی تێرۆریستی داڕشتووە کە ئامانجەکەی دامەزراوە و ناوچە ئیستراتژیکییەکانی پاشایەتی بەحرەین بووە. بە وتەی سەردۆزگەری گشتی، ئەحمەد مەحفوز لە ئێستادا لە ئێران دەژی.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی فەرانسە، لە زاری هەواڵدەریی دەوڵەتیی "بی ئێن ئەی"ی بەحرەین، عوفی هەروەها وتوویەتی کە ٥ گومانلێکراو لەم پێوەندیەدا دەسبەسەر کراون. عوفی وتوویەتی "ئەم کەسانە دانیان بەوەدا ناوە کە بوونەتە ئەندامی گرووپێك تا پەلاماری تیرۆریستی بەڕێوە ببەن و چوونەتە ئێران تا لە بنکە سەربازییەکانی سوپای پاسداران خولی سەربازی ببینن و بەم بۆنەوە بڕە پارەیەکیشیان وەرگرتووە."

بەرپرسانی بەحرەینی ڕۆژی دووشەممە، ٣٠ دێسامبر، ڕایانگەیاند کە پاپۆڕێکی دروستکراوی ئێران و سووریەیان گرتووە کە ویستوویەتی بچێتە سنووری ئاویی بەحرەین و کەرەستەی تەقینەوەی قاچاخی پێ بووە.

لە ساڵی ٢٠١١ بەملاوە و بە دەسپێکی ناڕەزایەتییەکانی شێعەکان لە بەحرەین، دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێران لە کاروباری نێوخۆی ئەم وڵاتە بووەتە هۆی ڕەشبینی و ساردبوونەوەی پێوەندیەکانی ئەم دوو وڵاتە.

پەیڤ
ناهید حسێنی

### ٧٢٦ ئێعدام لە ساڵێکدا

ساڵی زایینی نوێ بووەوە. ژیانی مرۆڤایەتی تەژییە لە ساتە خۆش و ناخۆشەکان و ئەو ساتانەن کە کاریگەریی لەسەر داهاتوو و چارەنووسی مرۆڤەکان دادەنێن و ساڵێك لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمار دەکەن کە دەتوانێت جێی شانازی بێت یان شایانی نەفرەت لێکردن.

ڕاستە کە نوێ بوونەوەی ساڵ لە وڵاتی ئێران بە ڕێکەوتی زایینی نییە و ساڵی هەتاوی بە ڕۆژژمێری سروشتی و هاتنەوەی بەهارەوە کاتی جێگۆڕکێی ساڵەکانە، بەڵام زۆرێك لە ئامارەکان و ڕووداوە ناوچەیی و جیهانییەکان بە ڕێکەوتی زایینی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت. بەو موناسبەتەوە بەجێیە کە کورتە ئاوڕێك لە دۆسیەی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ڕابردووی زایینیدا بدەین.

بە سەرنجدان بەوەیکە تاوان بە هەرچەشنە کردارێك دەگوترێت کە پێشێلکاریی ماف و یاسای بەدواوە بووبێت، بەڵام یاسا، تاوان و تاوانکارییش لە هەر وڵاتێکدا پێناسەی خۆی هەیە. بۆ نموونە چالاکیی سیاسی یان لە دین وەرگەڕان (ئێرتێداد) لە زۆرێك لە وڵاتاندا بە تاوان نایەنە هەژمار و وەك ئازادییەکی تاکە کەسی، ڕێزی لێدەگیردرێت، بەڵام لە وڵاتانێکیشدا وەکوو ئێران، سزای مەرگی بەدواوەیە. چونکە یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئەو مافەیان لە خەڵك زەوت کردووە تا چالاکی سیاسی ئەنجام بدەن یا لەسەر بیر و ڕای خۆیان بڕیار بدەن.

یەکێك لەو ئامارانەی ساڵانە لە لایەن ڕێکخراوە پەیوەندیدارە لۆکاڵی و جیهانییەکانەوە دەدرێت و ڕادەی شەفاف بوون و متمانە پێکراو بوونی دەتوانێ وڵاتێك بە تاوانی حکومەتی بەرامبەر بە شارۆمەندانی خۆی تاوانبار بکات، ئاماری ئێعدامی شارۆمەندان بە تاوانە جۆراوجۆرەکان و پلە بەندیی وڵاتە جیاوازەکانە لەو بوارەدا.

ماڵپەڕی کوردپا، لە ئامارێکدا، ڕێژەی بەڕێوەبردنی سزای ئێعدامی لە وڵاتی ئێراندا بڵاو کردۆتەوە. لەو ئامارانەدا هاتووە کە لە ساڵی ٢٠١٣ی زایینییدا لە ئێران، ٧٢٦ کەس بە تاوانگەلی جیاوازی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لە سێدارە دراون. ڕاستی و دروستی سزا سەپێندراوەکان لە خۆیدا جێگەی گومانە و زۆرجار بە مەبەستی چەواشە کردنی ڕای گشتی، زیندانییە سیاسیەکان بە ناوی دژایەتی خودا و یان تاوانی کۆمەڵایەتی لە سێدارەدراون. بەڵام مەبەستی سەرەکی دەسەڵاتدارانی ئێران لە کوشتاری هاووڵاتیانی ئێرانی، چاوترسێن کردنی خەڵك و خولقاندنی کەشێکی تۆقێنەرە بە مەبەستی ڕێگری لە هەرچەشنە جوڵانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دژی دەسەڵات. کوشتنی ٧٢٦ کەس لە ساڵێکدا بە مانای ٧٢٦ تاوانە لە دژی مرۆڤایەتی و ئەوەش وەکوو پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچاوانی کاربەدەستانی ئێرانەوە دەمێنێتەوە.

## حیزبوڵڵا مووشەکە دوورهاوێژەکانی سووریە بۆ لوبنان دەگوازێتەوە



بەپێی ڕاپۆرتی ڕاگەیەنەکانی ئامریکا، حیزبوڵڵای لوبنان لە مقەڕەکانی خۆیەوە لە خاکی سووریە، مووشەکە دوورهاوێژەکانی ئەو وڵاتە دەگوازێتەوە بۆ لوبنان.

ئەم ڕاگەیەنانە ڕۆژی هەینی، ٣ی ژانوییە، بە پشتبەستن بە لێدوانەکانی ڕۆنێن بێرگمەن، شرۆڤەکاری ئەمنیەتیی ئیسراییل ڕایانگەیاند، لەو مووشەکانە دەکرێ هێما بۆ "ئیسکاد دی" بکرێت کە دەتوانێ ئیسراییل بکاتە ئامانجی خۆی.

لێدوانەکانی بێرگمەن لە ڕۆژنامەی ئامریکایی "نیویۆرك تایمز" بڵاو کراوەتەوە. مووشەکی "ئیسکاد دی" دەتوانێ مەودای ٧٠٠ کیلۆمێتر ببڕێت. ئەم مووشەکانە پارچە پارچە دەکرێن و لە خاکی سوورییەوە قاچاخ دەکرێن.

"نیویۆرك تایمز" لە زاری بێرگمەن کە پێوەندیەکی نزیکی لەگەڵ هێزە زانیارییەکانی ئیسراییلدا هەیە، دەنووسێ، میلیشیاکانی حیزبوڵڵا لە سووریە لە نزیك سنووری لوبناندا تۆڕێك لە مقەڕاتیان کردووەتەوە تا مووشەکەکان لەوێدا هەمبار بکەن و دواتر "قووڵایی ئێستراتیژیك"ی خۆیان پەرە پێبدەن.

ڕۆژنامەی ئامریکایی" نیویۆرك تایمز" و "وال ئێستریت ژوورناڵ" نووسیویانە، ئەندامەکانی گرووپی حیزبوڵڵا هەروەها سەرقاڵی قاچاخی پارچەکانی سیستمی قەڵغانی دژە مووشەکی بەرهەمهاتوو لە ڕووسیە بۆ خاکی لوبنانن.

ئیسراییل ساڵی ڕابردوو هەوڵی دا، بە ئەنجامدانی زنجیرە هێرشێکی ئاسمانی لە سووریە، ئەو چەکانە لە ناوبەرێ کە تایبەت کرابوون بۆ حیزبوڵڵای لوبنان. ئەم دوو ڕۆژنامەیە دەنووسن، هەر بەم هۆیەوەیە کە حیزبوڵڵای لوبنان بڕیاری گواستنەوەی ئەم چەکانەی بۆ دەرەوەی خاکی سووریە داوە.

## شۆرای ئینقلابییەکانی سووریە، کۆنفرانسی ژێنێڤی ٢ی بایکۆت کرد

لە کاتێکدا کە کەمتر لە ٢٠ ڕۆژی ماوە بۆ بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی "ژێنێڤی ٢" گرووپێکی دیکەش لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریە، ڕایانگەیاند کە لەم کۆنفرانسەدا بەشداری ناکەن.

"شۆرای نەتەوەیی ئینقلابییەکانی سووریە" کە یەکێك لە گرووپە سەرەکییەکانی "هاوپەیمانیی نەتەوەیی سووریە"یە ڕایگەیاند، لە کۆنفرانسی"ژێنێڤی ٢" بەشداری ناکات. سەمیر نەشەر، یەکێك لە ئەندامە سەرکییەکانی ئەم گرووپە دژبەرەی دەوڵەتی بەشار ئەسەد، ئێوارەی هەینی(٣ی ژانویە)، لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵدەریی فەرانسە ئەم هەواڵەی ڕاگەیاند.

ئەم کەسایەتییە دژبەرەی دەوڵەتی ئەسەد هەروەها ڕایگەیاند: ڕەنگە "هاوپەیمانیی نەتەوەیی سووریە"یش بەم ئاکامە بگات کە لە کۆنفرانسی ژێنێڤ بەشداری نەکات.

ئەم گرووپە دژبەرەی حکوومەتی سووریە کە یەکێك لە مەزنترین گرووپەکانی "هاوپەیمانیی نەتەوەیی سووریە"یە، زۆرجار دووپاتی کردووەتەوە، تا کاتێك بەشار ئەسەد لە حکوومەت نەکشێتەوە، هەر جۆرە بەشداری کردن لە کۆنفرانس بە مەبەستی ئاشتی بێ مانایە.

کاتی کۆنفرانسی ژێنێڤی ٢ دوای وتووێژ و ڕاگۆڕینەوەی زۆر، ڕێکەوتی ٢٢ی ژانویەی بۆ دیاری کرا، بەم حاڵەشەوە کە بڕیار بوو لە ژێنێف بەڕێوە بچێت، بەڵام شوێنەکەی بۆ شارۆچکەی مونترۆ لە نزیکی ژێنێڤ گۆڕدرا.

"سوپای ئازادی سووریە"ش کە گرینگترین هێزی سەربازیی ئۆپۆزیسیۆنە، پێشتر لە ٢٦ی نوامبر، ڕایگەیاندبوو کە لە ژێنێڤی ٢ بەشداری ناکات و ئاگربەستی کاتی قەبووڵ ناکات. گرووپە توندئاژۆکان و نزیك بە ئەلقاعیدەش بە ڕاشکاونە ڕایانگەیاندووە کە لەم کۆنفرانسەدا بەشداری ناکەن.

## پەیامی سەرەخۆشیی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات بە بۆنەی کۆچی دوایی ڕەزا مەرزبان



ڕێکەوتی ٧ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، ڕەزا مەرزبان ڕۆژنامەنووس و ئازادیخوازی ناسراوی ئێرانی و پشتیوان و پاڵپشتی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد و دۆستی نزیکی ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات سەرەخۆشی لە بنەماڵە، دۆستان، کۆمەڵگای ڕۆژنامەنووسان و تێکڕای ئازادیخوازانی ئێران دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێزان بەڕێوەبەرانی یەکیەتیی خوێندکاران

بەڕێزان بەشدارانی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی خوێندکاران

پێش لە هەموو شت پێویستە پیرۆزبایی گرتن و بەڕێوەچوونی کۆنگرەی چوارەمی ڕێکخراوەکەتان لێ بکەین کە خودی بەڕێوەبردنی کۆنگرە لە ڕێکخراوێکدا، هەنگاوێکی گرنگ و دێموکراتیك لە پێناوی بەرەوپێشبردن و نوێکردنەوەی هەر گرووپ و ڕێکخراوێکی سیاسی، یان مەدەنی یان پیشەییە و نیشاندەری ئەوەیە کە ڕێکخراوێکی چالاك و ئامادە لە گۆڕەپانی تێکۆشاندا، ئەوەندە کار و تێکۆشانی هەبووە کە قۆناغێك لە مێژووی هەوڵ و چالاکییەکانیدا بڕیوە و دەیەوێ دەورانێکی دیکە و قۆناغێکی نوێ دەست پێ بکا و بە وره و هێز و ئەزموونێکی زیاترەوە، لە پێناوی گەشەدان و پێگەیاندنی ڕێکخراوەکە و ئەندامانیدا دەست بداتە کرداری نوێ و جیهانێکی دیکە ببینێتەوە.

بەڕێزان!

یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ئێستادا ڕێکخراوێك و چەترێك بۆ کۆکردنەوە و پێکەوەگرێدانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگای فێربوون و زانست لە کوردستانی ئێرانە کە دوای چەندین ساڵ لە دامەزراندنییەوە تاکوو ئێستا، لە مەیدانی دژوار و پڕ کەند و کۆسپ چالاکیی خوێندکاری لە ئێران و کوردستاندا، توانیویەتی بوون و واتای خۆی بسەلمێنێ و دوای قۆناغی دامەزران و خۆپێناسەکردن، قۆناغی سەلماندن و سەقامگیریی تێپەڕاندووە و لە ئێستا بە دواوە، پێویستە کە بە دید و ڕوانینی بەرفراوان و ئاوەڵا و دەروەستەوە خۆی بۆ وەئەستۆگرتنی ئەرکی قورستر و گەشەکردنی زیاتر و جێگیرکردنی و سەلماندنی گوتاری تایبەتی، لە نێو زانکۆ و زانستگاکان و لە کۆمەڵگای خوێندکاری لە کوردستانی ئێراندا ئامادە بکا.

تێکۆشەرانی نێو ڕیزی چالاکیی خوێندکاری!

لەم سەردەمە هەستیارەدا کە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی باڵی بە سەر وڵاتدا کێشاوە و بە هەموو ناوچەدا بانگەشەی ڕەش و تاریکی بیرە کۆنەپەرستانەکەی دەکا و لە نێو کۆمەڵگای ئێرانیشدا وێڕای حاشاکردن لە بوون و ناسنامەی نەتەوە ستەملێکراوەکان، بە پیلان و بەرنامەی چەواشەکارانەی جۆربەجۆرەوە دەیەوێ خەڵکی ئێران و نەتەوەبندەستەکانی بەلاڕێدا ببا و خۆڵ لە چاوی هەموو خەڵکانی ئێران و بەتایبەت مرۆڤی کورد بکا، ئەرکی پێشڕەوانی سەنگەری خەبات و زانست قورستر دەبێتەوە و پێویستە کە بزووتنەوەی خوێندکاریی نەتەوەستەملێکراوەکان و بەتایبەت بزاڤی خوێندکاریی کورد، بە پێناسەی نەتەوەیی و بە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دۆخی داسەپاو و بە بەرنامەی واقعی و ئەمڕۆیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی چەواشەکاری بێتە مەیدان و لەو نێوەشدا ئەرکی یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران قورس و دژوارتر لە هەمیشە دەنوێنێتەوە و یەکیەتیی خوێندکاران پێویستە کە لە کۆنگرەی خۆیدا بە دیدی هەمەلایەنەوە شرۆڤەی واقیع بکا و بەرنامەی بۆ داهاتووی گەشە و کار و زەحمەت و چالاکیی زیاتر و بە نێوەرۆکتر لە ڕابردوو دابڕێژێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەکوو ڕێکخراوێکی سیاسی نێو گۆڕەپانی خەبات لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەیی و گەیشتنی کۆمەڵگا بە داهاتوویەکی دێموکراتیك، وێڕای پیرۆزبایی لە بەستنی کۆنگرەکەتان، لە پێناوی خەبات و تێکۆشانتان بۆ پێناسەکردنی چالاکیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد و دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و بەرفراوانتر و قووڵترکردنەوەی خەباتی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکدا پاڵپشت و پشتیوانتان دەبێ و هەر وەك چۆن لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا چالاکانی خوێندکاری و خوێندکار و خوێندڤانانی دەروەست بەشدار بوون، شانازیش بە ڕۆڵە تێگەیشتوو و پێگەیشتووەکانی کورد دەکا کە لە پێناوی ئازادیی نەتەوەکەیان و بەربەرەکانێ لەگەڵ هروژمی گوتاری داگیرکەر و ستەمکاردا، لەخۆبردوویی و ئازادیی دەنوێنن.

لە کۆتاییدا، جارێکی دیکە وێڕای ئاواتی بەستن و پێکهاتنی کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو و پڕنێوەرۆك بۆ ڕێکخراوەکەتان، پیرۆزبایی لە هەموو ئەندامانی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەتایبەت بەشدارانی کۆنگرەی چوارەم دەکەین.

سەرکەوتن بۆ ئازادی و دادپەروەری و ژیانی بەختەوەرانەی مرۆڤەکان و بەتایبەت مرۆڤی کورد

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٤ی بەفرانباری ١٣٩٢
٢٥ی دێسامبری ٢٠١٣

## سەردانی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان



ڕێکەوتی ٩ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتی، سەردانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی کرد و لەلایەن شاندێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانەوە بە سەرپەرستیی "عومەر ئیلخانیزادە" سکرتێری گشتی، پێشوازیی لێ کرا. لەو دیدارەدا کۆمەڵێك باس و باتی پێوەندیدار بە ئێران، کوردستانی ئێران، وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، تاوتوێ کران و هەرکام لە سەرپەرستی هەیئەتەکان بەڕێز هیجری و ئیلخانیزادە لە ڕوانگەی حیزبی خۆیانەوە لێکدانەوەی خۆیان دەربڕی.

بەڕێز هیجری وێڕای هێما بۆ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماری نوێ، وتی: ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ژێر گوشاری ڕۆژئاوا و گەمارۆ ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان، لە سیاسەتە ناوکییەکانی پاشەکشەی کردووە و هەتا ئێستا مەرجەکانی ڕۆژئاوای قەبووڵ کردووە و بەمەش سازان لەگەڵ دونیای دەرەوەی گرتووەتە پێش، بەڵام لەهەمبەردا لە نێوخۆی وڵات، گرتن و زیندانی کردنی ئازادیخوازان و هەڵاواردنی نەتەوەکان و ئیعدامی زیندانییان لە ئێراندا، درێژەی پێ داوە و بگرە توندتریشی کردووەتەوە. تەوەرێکی دیکەی باسەکان بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکانی پێشوو لەمەڕ چۆنیەتیی هاوفکری و هاوهەڵوێستیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ ئەو هاوفکرییە بە لە بەرچاوگرتنی دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەموو بەشەکانی کوردستانی، لەخۆ گرتبوو.

## ڕۆژنامەنووسێکی مەهابادی ڕەوانەی زیندان کرا

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، "قاسم ئەحمەدی" ڕۆژنامەنووس و چالاکی فەرهەنگیی خەڵکی شاری مەهاباد، کە حوکمی ٢ ساڵ زیندانی بۆ پشتڕاست کرابوویەوە، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندان کرا. ئەو چالاکە فەرهەنگییە، کە مانگی گەلاوێژی ئەمساڵ حوکمی ٢ ساڵ زیندانی بۆ بڕدرابۆوە، هەنووکە لە زیندانی ناوەندیی شاری مەهاباد ماوەی ئەو حوکمە تێپەڕ دەکات. قاسم ئەحمەدی یەکێك لە چالاکانی خوێندکاریی پێشوو و هەروەها سەرنووسەری پێشووی وەرزنامەی خوێندکاریی "ڕۆژەڤ" بوو کە لە زانکۆی تاران بڵاو دەکرایەوە.

## دەقی وتووێژی مستەفا هیجری لەگەڵ گۆڤاری" واڵا پریس" لە زانستگای تەورێز بڵاو کرایەوە

ڕێکەوتی ٩ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەقی تەواوی وتووێژی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ گۆڤاری "واڵا پرێس"، لەپێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، لە نێو خوێندکاران و مامۆستایانی زانستگای تەورێز، لە کۆلیژەکانی دارووسازی، پزیشکی، علووم پایە و کتێبخانەی گشتیی زانستگای تەورێز، ئوستاد سەرا (ژووری مامۆستایان) خەوتنگەکانی کوڕانە و کچانە لە کووی وەلیعەسر، بڵاو کردەوە، کە نێوەرۆکی ئەو وتووێژە لەلایەن خوێندکاران و مامۆستایانەوە پێشوازی لێ کراوە.

## ئاگرگرتنی سۆبەی نەوتی، گیانی منداڵێکی لە سەردەشت ئەستاند



ڕێکەوتی ٥ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، لە گوندی "گروێس"ی ناوچەی "ئالان"ی سەردەشت، لە پارێزگای ورمێ بەهۆی نەشتی نەوتی سۆبەی ماڵی هاووڵاتییەك بەناوی "ئازاد"، ئاگرکەوتنەوەیەك ڕووی دا و لە ئەنجامدا منداڵێکی تەمەن ٩ ساڵەی ئەو هاووڵاتییە بەناوی "هێمن محەممەدپوور" لە نێو ئاگردا سووتا. ئەو ئاگرکەوتنەوە لە کاتێکدا بوو کە دایك و باوکی ئەو منداڵە لە ماڵەوە نەبوون و بەهۆی تەشەنەی ئاگرکە بۆ نێو ماڵەکە، هەموو ژوورەکانی ماڵەکە سووتاوە و لە ئەنجامدا ئەو منداڵە گیانی لە دەست داوە.

## کچە چالاکێکی مافی مرۆڤ لە زانکۆی ورمێ دەستبەسەر کرا

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، ڕێکەوتی ١١ی بەفرانبار، شەرمین قادری کچی "محیەدین" تەمەن ٢٩ ساڵ و خوێندکاری کارناسیی باڵای ڕشتەی "مودیرییەت" لە زانکۆی ورمێ، کە بەهۆی وەرگرتنی پارە لە قوتابییان لە لایەن بەرپرسانەوە، چەندین نامەی بۆ ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی ئوستانی ورمێ نووسیبوو، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.

## لە تاران هێزە ئیتلاعاتییەکان سینەماکارێکی کوردیان دەسبەسەر کرد

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، کەیوان کەریمی سینەماکار و دەرهێنەری خەڵکی شاری بانە و براوەی خەڵاتی فێستیڤاڵی قوتابییانی فیلمی "فیلۆفیست"، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە شاری تاران دەسبەسەر و ڕاپێچی بەندیخانەی "ئەڤین" کراوە. هۆکاری دەسبەسەرکرانی ئەو سینەماکارە کوردە لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە ڕانەگەیەنراوە.

## ڕێژیم بە کۆکردنەوەی ماهوارە پێش بە بینینی کاناڵەکانی ئۆپۆزسیۆن دەگرێ

ڕێکەوتی ٨ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی ئێران لە شاری پاوە دەستیان داوەتە کۆکردنەوەی ماهوارەی هاووڵاتییان. هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە گەڕەکی فەرهەنگیان هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی ژمارەیەك هاووڵاتی و ماهوارەکانیان زەوت کردوون. ڕێژیمی ئێران لە ڕاستای بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانی خۆی دەستی داوەتە کۆکردنەوەی ماهوارە لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران و پێشی بە بینینی بەرنامەکانی کاناڵە کوردییەکان گرتووە. ڕێژیمی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە بێ سەرنجدان بە پێشهاتەکانی ئاسەوارە نەرێنییەکان بڵاوکردنەوەی شەپۆلی پاڕازیت لە کوردستانی ئێران، شەپۆلی پارازیت دەنێرێتە سەر فرێکانسی تەلەفزیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن و پێش بە بڵاوکردنەوەی کاناڵە کوردییەکان دەگرێت.

## لەشاری شنۆ زیندانییەکی سیاسیی
## بە هۆی سەرما و سۆڵەوە گیانی لە دەست دا



ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، رێکەوتی ١١ی بەفرانبار "سمایل قادرزادە" زیندانیی سیاسیی پێشوو و مامۆستای پێشووی قوتابخانەی "سەعدی ئەمینی" شاری شنۆ، کە بەهۆی ئەشکەنجەی هێزە ئیتلاعاتییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە زینداندا تووشی کێشەی دەروونی و هەروەها تێکچوونی مێشکی تێك ببوو، تەنانەت پاش ئازاد بوون لە زیندان، کەسوکاریشی نەناسیوەتەوە و لە کۆڵانەکانی شاری شنۆ ئاوارە و سەرگەردان بووە، بەهۆی بەفر و سەرما و سۆڵەوە رەق هەڵاتووە. سمایل قادرزادە ساڵی ١٣٧٣ هەتا ساڵی ١٣٨٤ لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ بە تومەتی هاوکاری حیزبیکی کوردی لەزینداندا بووە.

## پیلانیکی دیکەی رێژیمی ئێران بە بیانووی پێدانی وام بە قوتابییان

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، "قەرارگای بەسیجی سازەندگی" شاری شنۆ، لە بەخشنامەیەکدا بە حەوزەی بەسیجی قوتابخانەکانی ناوچەی "شنۆ"ی راگەیاندووە، ئەگەر هەر قوتابییەك ببێتە بەسیج، وامی کەم بەهرەی پێ ئەدرێت. ئەو گەڵاڵەیە لە نێو قوتابخانەکاندا بەشێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن پایەگای موقاومەتی قوتابخانەکانەوە پروپاگەندەی بۆ دەکرێت. ئەمەش ترس و نیگەرانیی لای بنەماڵەی قوتابییان دروست کردووە و بنەماڵەی قوتابییان ئەو هەوڵەیان بە فریودانی قوتابییان لەقەڵەم داوە.

## وەرگرتنی پارە لە قوتابییانی کورد نارەزایەتیی خەڵکی نەغەدەی لێ کەوتەوە

ئیدارەی پەروەردە و فێرکاریی شاری نەغەدە رایگەیاندووە: کە هەر قوتابییەك دەبێ بڕی ١٠٠ هەزار تمەن بە قوتابخانەکان بدەن و ئەگەر قوتابییان ئەو بڕە پارەیە نەدەن ئەگەری دەرکرانیان هەیە. داواکردنی ئەو بڕە پارەیە و هەڕەشەی دەرکردنی قوتابییان لە ئەگەری نەدانی ئەو پارەیە، نارەزایەتیی خەڵکی لێ کەوتووەتەوە و سەرەڕای بەدواداچوونی خەڵك و باوك و دایکی قوتابییان بۆ ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان لەمەڕ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە، هیچ ئاکامێکی نەبووە و بێ وەڵام ماوەتەوە.

ئەوە لە کاتێکدایە کە ئیدارەی پەروەردە و فێرکاریی شاری نەغەدە زیاتر گوشار بۆ قوتابییە کوردەکان دێنن و تەنانەت ناوچە کوردنشینەکان لە باری خزمەتگوزاریی ئامووزشییەوە فەقیر و هەژارترن.

## بەفر و سەرما، گیانی سێ کۆڵبەری ئەستاند

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، رێکەوتی ١٢ی بەفرانبار سێ کۆڵبەری کورد، کە ناوی دوو کەسیان بریتییە لە "شۆڕش تەماشاخانە، تەمەن ٢٨ ساڵ و کوڕی رەسووڵ و تاهیر کووچە باغان" خەڵکی ناوچەی کێلەشین لە کوێستانەکانی "سپی ڕێز" خەریکە کاسبکاری بوون، بەهۆی سەرماو و سۆڵەوە تووشی رەق هەڵاتوویی بوون و گیانیان لەدەست داوە.

## حوکمی زیندانیی هەتاهەتایی بۆ دوو هاووڵاتیی کورد

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، سابیر مامەدی تەمەن ٣٨ ساڵ و نەرمین حەیدەری تەمەن ٤٠ ساڵ و خەڵکی گوندی "دێرك"ی سەربە شاری سەڵماس لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبێکی کوردیدا حوکمی زیندانیی هەتاهەتاییان بۆ بڕایەوە. ئەو دوو هاووڵاتییەی خەڵکی ناوچەی سەڵماس، بانەمەڕی ئەمساڵ لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری "سەڵماس"ەوە دەستبەسەر کرابوون و بۆ ماوەی ٢ مانگ زیاتر لە ناوەندە ئەمنییەکانی ئەو شارە لە ژێر ئەشکەنجەدا بوون. ئەو دوو زیندانییە سیاسییە کوردە هەنووکە لە زیندانی شاری سەڵماس لە دەستبەسەریدان و ماوەی حوکمەکەیان تێپەڕ دەکەن.

## پێنج هاووڵاتیی کورد لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە دەسبەسەر کران

رێکەوتی ٨ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، پێنج هاووڵاتیی خەڵکی گوندی "دەرەکێ"ی ناوچەی "هەورامانی تەخت" سەربە شارستانی سەوڵاوا، لە کاتێکدا کە چووبوونە "چیای دەربەن"، لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە دەسبەسەر کراون. ناسنامەی چوار کەس لەو دەسبەسەرکراوانە بریتییە لە: سەباح مەحموودی کوڕی سوبحان، ئەحسەن حوسێنی کوڕی حەسەن، قوتبەدین حوسێنی کوڕی حەسەن و عادڵ محەممەدی کوڕی محەممەد عەلی. ناسنامەی پێنجەم دەسبەسەرکراو ناڕوونە، ئەو پێنج هاووڵاتییە هەنووکە دەسبەسەرن و سەرەڕای بە دواداچوونی جیددی بنەماڵەکەنیان، هیچ زانیارییەك لە چارەنووس و شوێنی راگیرانیان لەبەر دەستدا نییە.

## دوو لاوی کورد بەدەستی هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئێران کوژران

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، کاوە مستەفایی تەمەن ٢٤ ساڵ و دانیشتووی گەڕەکی کەریم ئاوای شاری سەقز، لەگەڵ هێزە ئینتزامییەکانی ئەو شارە تووشی دەمەقاڵە بووە و بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی ئەنجام دابێت لەلایەن یەکێك لە مەئمورەکانەوە تەقەی لێکراوە و گیانی لێ ئەستێندراوە.

هەر لەو پێوەندییەدا و لەدرێژەی کوشتنی لاوانی کورددا، لاوێکی "شائاباد"ی لە پاریزگای کرماشان بەناوی پووریا ئەسەدی تەمەن ٣٠ ساڵ لەناو شاردا لە لایەن دەرەجەدارێکی ئیدارەی ئاگاهی ئەو شارە، بەناوی "رەشیدیان" تەقەی لێکراوە و لە ئاکامدا کوژراوە، سەرەڕای سکاڵای بنەماڵەی پووریا لەسەر ئەو دەرەجەدارە، ناوبراو هەتا ئێستا دەستبەسەر نەکراوە.

## سزای زیندان بەسەر دوو چالاکی کرێکاریی کورددا سەپا

بەپێی راپۆرتی ناوەندەکانی چالاکی مافی مرۆڤ، لقی یەکی دادگای ئینقلابی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە شاری سنە،٦ ساڵ و ٨ مانگ سزای زیندانی بەسەر ئەفشین نەدیمی و مێهرداد سەبووری چالاکانی کرێکاریدا سەپاند. مێهرداد سەبووری تەمەن ٢٤ ساڵ و خەڵکی شارستانی سنە و ئەفشین نەدیمی خەڵکی شارستانی کامیاران و لە ئەندامانی کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی دامەزراوە کرێکارییەکان، ئە دوو چالاکە کرێکارییە پاش نزیك بە دوو مانگ لە کاتی گەڕانەوە لە هەرێمی کوردستان بێ سەروشوێن بوون، بەڵام پاش ماوەیەك لە رێکەوتی ٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی هەواڵی دەسبەسەرکرانیان لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری کامیارانەوە بڵاو بووەوە.

## بەهۆی قەرزداری، کارەبای ٨ قوتابخانەی شاری سنە پچڕا

بەهۆی کەمیی بوودجە و تەرخان نەکردنی پارەی پێویست، کارەبای ٨ قوتابخانەی شاری سنە لە ناوچەی "یەکی پەروەردە و فێرکاریی" پچڕاوە و کێشەیەکی زۆری بۆ قوتابییان دروست کردووە. پچڕانی کارەبای ئەو ٨ قوتابخانەی بەهۆی نەدانی پارەی کارەبا لە لایەی ئیدارەی کارەباوە هاتووەتە ئاراوە و سەرەڕای بەدواداچوونی بەردەوام ، هیچ هەنگاوێك بۆ چارەسەریی ئەو کێشەیە ئەنجام نەدراوە و ئەمەش پرۆسەی خوێندنی بۆ قوتابییانی ئەو ٨ قوتابخانە تووشی گرفت و دژواری کردووە.

## لە کرماشان ١٥٣ گوند لەگەڵ کێشەی بێ ئاوی بەرەوڕوون

هەواڵدەریی مێهری رێژیمی ئێران بڵاوی کردەوە، زیاتر لە ١٥٣ گوندی کرماشان تووشی کێشەی کەم ئاوی بوون و رۆژانە بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە چاوەڕوانی تانکێرە ئاوهەڵگرەکان دەکەن. دانیشتوانی ئەو گوندانە رۆژانە بە شێوەی جیرەبەندی، ئاوی خواردنەوەیان لە تانکێرە ئاوهەڵگرەکان دابین دەکەن. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا کێشەی کەمئاوی و بێئاوی لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران رووی لە زیادبوون کردووە و بەرپرسانی پێوەندیداری رێژیم بۆ چارەسەریی ئەو کێشەیە هیچ هەوڵێکیان نەداوە.

## باوکی شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان لە بۆکان کۆچی دوایی کرد

رێکەوتی ٣ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، "مام عەبدوڵڵا بەننایی" باوکی شەهید "محەممەد ساڵح بەننایی" لە گوندی "قەڵای رەسوولە سیت" بەهۆی پیری لە تەمەنی ٩٠ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. شەهید ساڵح بەننایی سەرپەلی "پەلی شەهید ئەبووبەکر پارنج" لە "لکی دووی هێزی ١١٠ی بەیان" بوو کەلە رێکەوتی ٧ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە گوندی "نۆبار" لە ناوچەی "پیرمحەممەد"ی بۆکان شەهید کرا. مام عەبدوڵلا بەننایی ناسراو بە "عەبە بەننا" کەسێکی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر بوو کە بە تۆمەتی بەشداری لە بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان چەندین جار لەلایەن رێژیمەوە گیرا و ئەزیەت و ئازار درا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## کەسایەتییەکی ناوچەی هەوشار کۆچی دوایی کرد

رێکەوتی ٣ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی حەسەن کاکایی کوڕی عەلی لە گوندی "قۆزلوو"ی ناوچەی هەوشار بەهۆی راوەستانی دڵییەوە لە تەمەنی ٥٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ناوبراو کەسایەتییەکی خۆشناو و نیشتمانپەروەری ناوچەی هەوشار بوو کە چەندین جار لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی سایینقەڵاوە بە هۆی نیشتمانپەروەرییەوە هوشداریی پێدرابوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە خزم و کەس و کاری حەسەن کاکایی دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## کەسایەتییەکی ناسراوی شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد

رێکەوتی ٤ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، "وەجدی حاتەمی" کەسایەتیی خۆشناو و فەرهەنگی و چالاکی شاری ورمێ کە ساڵانێکی دوور و درێژ خزمەتی بە فەرهەنگ و کولتووری کوردی کرد، بەهۆی راوەستانی دڵ ماڵاوایی لە ژیان کرد. "وەجدی حاتەمی" ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی، لە گوندی "لۆرزین" سەربە شارستانی ورمێ لە بنەماڵەیەکی ناسراوی هەرکی لە دایك بوو و دەورانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شاری ورمێ بە پلەی باش و بەرچاو تەواو کرد و لە زانستگای کرمان لە بواری ئەندازیاریی خانووسازی و ئاوەدانیدا خوێندنی باڵای تەواو کرد.ناوبراو هەرچەند لە بنەماڵەیەکی دەست رۆیشتوو لە دایك بوو و لە بواری فەننیدا خوێندنی تەواو کردبوو، بەڵام لەگەڵ رەنج و مەینەتییەکانی گەلەکەیدا ئاشنا بوو و بۆ خزمەت بە نەتەوە و نیشتمانەکەی لە بواری فەرهەنگی و کولتووریدا چالاکیی نواند. لە ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران تێکەڵ بە چالاکیی فەرهەنگی بوو، بەڵام دواتر لەبەر گوشارەکانی رێژیم، نەیتوانی درێژە بەو کارە بدا هەتا کوو ساڵی ١٣٨١ کە هەوڵی دامەزراندنی ناوەندێکی کولتووری و فەرهەنگی کوردی لە شاری ورمێ دا و ساڵی دواتر (١٣٨٢)، یەکەم کۆنگرەی ناوەندی فەرهەنگی "ئەحمەدی خانی" بەڕێوە برد و لەم چەند ساڵەدا خزمەتێکی بەرچاوی بە کولتوور و زمان و ئەدەبی کوردی کرد. بەداخەوە، دەوڵەتی تازەی کۆماری ئیسلامی کە بەڵێنی کرانەوەی فەرهەنگی و سیاسی بە خەڵکی دەدا، ئەمساڵ ناوەندی فەرهەنگی "خانی"یان داخست و ئەم دەلاقەیەی خزمەت بە فەرهەنگی کوردیان بەست.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی "وەجدی حاتەمی" سەرەخۆشی لە کۆمەڵگای فەرهەنگی و مەدەنی کوردستان و شاری ورمێ و هەروەها بنەماڵەکەی دەکا و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێ.

## کۆچی دوایی کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری ناوچەی مەهاباد

رێکەوتی ١ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی کەسایەتییەکی خۆشناو و نیشتمانپەروەری ناوچەی مەهاباد بەناوی "رەحیم محەممەدی" بەهۆی رووداوی هاتوچۆ لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا گیانی لە دەست دا. ناوبراو لە کاتی گەڕانەوە لە رێوڕەسمی شەوی یەڵدا لە ماڵی یەکێك لە هەڤاڵەکانی، ماشینێك بە خێراییەکی زۆرەوە لە نێو پیادەڕەودا خۆی پێدا دا و لە ئەنجامدا گیانی لە دەست دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچەی بۆکان کۆچی دوایی کرد

ژنێکی ناسراو و ناو بەدەرەوەی ناوچەی تورجانی بۆکان و خەڵکی گوندی "هەبەکێ"ی ناوچەی گەورکی سەقز، بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

خاتوو رابیعە ژنێکی دڵسۆز و خەمخۆری خەڵکەکەی بوو و هەمیشە بێ بەرانبەر و بە بێ هیچ چاوەڕوانییەکی ماددی نەشتەرگەری بۆ نەخۆشەکان ئەنجام دەدا و هەر بەو هۆیەشەوە بووە خۆشەویست و کەسێکی ناسراوی ناوچەکە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری ناوبراو دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریک و بەشدار دەزانێت.

## سپای پاسداران هەوڵی داوە خەڵکی گوندی "تووە سووران" بە زۆر چەکدار بکا

سپای پاسدارانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە گوندی "تووە سووران" داوای لە خەڵك کردووە ببنە ئەندامی ئەو سپایە و چەك هەڵبگرن، بەڵام ئەو داوایە لەلایەن خەڵکەوە رەت کراوەتەوە. سپای پاسداران لە گوندی "تووە سووران"ی ناوچەی "سەرشیو" سەر بە شارستانی مەریوان، داوای لە لاوان و خەڵکی ئاوایی کردووە کە لە جیاتیی چوون بۆ سەربازی، لەو سپایەدا ببنە ئەندام و چەك هەڵبگرن. ئەو داوایەی سپای پاسداران لەلایەن خەڵکی ئاوایی "تووە سووران"ەوە رەت کراوەتەوە و نەچوونەتە ژێر باری داوای ناڕەوای سپای پاسداران و وتوویانە ئێمە قەت لە دژی خەڵکی خۆمان چەك هەڵناگرین.

# وتووێژی گۆڤاری "والاپرێس" ژمارە ٦٥ لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری




(بەشی سێیەم)

**والاپرێس: ئەو بۆچوونەی یەکیەتی لە چییەوە سەرچاوەی گرتبوو بەرامبەر بە ئێوە؟**

**هیجری:** بە راستی بۆ خۆشم نازانم، من لەوێدا باسم کرد وتم ئەگەر لەو ماوەیەدا بەرپرسیارێتی حیزبیم هەبووە، بەرپرسیارێتی سەرەکیشم هەبووە، هەمیشە پێم خۆشە ئەگەر لە کۆبونەوەیەکدا، لە دانیشتنێکدا، لە نووسینێکدا، لە بڕیارێکدا، شتێکی ئاوا هەیە پێم بڵێن، دەنا ئەوەی ئێوە دەیڵێن دوور لە راستییە و هیچ بنەمایەکی نییە، بێجگە لەوەی کە هەندێك کەس بۆ قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان یان هەر بابەتێکی سیاسی ئەو مەسەلەیان لەگەڵ ئێوە باس کردووە و هیچ ئەسڵ و ئەساسی نییە. لەوانەشە تەبلیغاتی لایەنی جیابۆوە لە حیزب لە سەروبەندی کۆنگرەی سێزدەدا ئەو بۆچوونەی لای هێندێك لە هاوڕێیانی یەکیەتی دروست کردبێ.

**والاپرێس: یەعنی بە کورتی، کاك مستەفا یەکیەتیی نیشتمانی پێی وابوو دەرچوونی تۆ بە سکرتێر و دەرنەچوونەوەی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە نەخشی پارتیی تیایە؟**

**هیجری:** دەکرێ ئەو خوێندنەوەی لێ بکرێ، من ئەوەشم خوێندەوە کە یەکیەتیی نیشتمانی ویستی نیگەرانی خۆی لەوە دەربڕێت کە ئێستا من بوومەتە سکرتێری حیزب، لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانی فاسیلەمان زۆر دەبێت و بەو ئەندازەیە پێوەندیمان لەگەڵ پارتی بەهێزتر دەبێت.

**والاپرێس: تا ئێستاش؟**

**هیجری:** رەنگە تا ئێستاش ئەو بۆچوونە هەڵەیە لە لایەن ژمارەیەکی کەم لە برادەرانی یەکیەتیدا هەبێ، بەڵام دەمهەوێ ئەوە بڵێم کە هیچ لایەنێك ناتوانێت کاریگەری بێت لە کۆنگرەی ئێمەدا، چونکە کۆنگرەی ئێمە نوێنەرەکانی بەشێوەی ئازاد لە بەدەنەی حیزبدا هەڵدەبژێردرێن بەشێوەی دێموکراتیك دێنە سەرێ و ئەوان بڕیاردەدەن.

**والاپرێس: بەڵام رەنگە یەکیەتی نازی ئەوەی کردبێت کە پێی وایە حیزبی دێموکرات، حیزبی قاسملوو مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لە نێوان بەڕێز مام جەلال و شەهید د. قاسملوو بەتایبەتی کە یەکیەتیی نیشتمانی لە ١٩٨٢ پشتیوانی لە خەباتی چەکداری ئێوە دەکات لە کوردستان، پێی وایە رەنگە گلەییەکانی لەوە بووبێت کە دەبێت حیزبی دێموکرات لە یەکیەتیی نیشتمانییەوە نزیك بێت بەهەر شێوەیەك، بەهەر دەلیلێك؟**

**هیجری:** لەو کاتەدا یەکیەتیی نیشتمانی یارمەتییەکی زۆر گەورەی بە حیزب کرد بەتایبەت ئەوە شتێك بوو کە لەمێژووی جووڵانەوەی گەلی کورددا شتێکی زۆر دیارە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ، ئێمەش وەك حیزبی دێموکرات ئەوەمان لەبەرچاوە و قەدر زانی لەو هەڵوێستە دەکەین.

**والاپرێس: لە ئێستادا کە کۆنگرەی نەتەوەیی حازرە، سەرکردەکانی یەکیەتی دەڵێن فکرەی کۆنگرەی نەتەوەیی هی مام جەلال و شەهید قاسملووە لە هەشتاکاندا باس کراوە، پارتی دێموکراتی کوردستان دەڵێت لە حەفتاکاندا ئیدریس بارزانی ئەوەی باس کردووە، پەکەکەش دەڵێت فکرەی ئێمەیە، تۆ پێت وایە بەتایبەتی ئەوەی یەکیەتیی نیشتمانی دەیڵێت کە فکرەی کۆنگرەی نەتەوەی هی مام جەلال و شەهید قاسملووە، ئەمە کە ئاگات لێیە لەنزیکەوە چۆنە؟**

**هیجری:** من ئاگام لێیە کە لە ساڵەکانی دوای حەفتا ئەو فکرە هاتە پێشێ، لە نێوان سەرکردەکانی کورددا کە کۆنگرەیەکی نەتەوەی پێك بێت کە کورد مەرجەعێکی هەبێت بەگشتی هەموویان وەکوو یەك کە کوردستانی تورکییەی تێدا بوو، مام جەلالی تێدا بوو، د.قاسملووی تێدا بوو، باس لەوە دەکرا کە ئەو کۆنگرەیە پێك بێت، بەڵام دوای لێکدانەوەیەکی دوور و درێژ گەیشتینە ئەو قەناعەتەی وەزعیەتی دنیا و مەنتیقە ئامادەی ئەوەی نییە تۆ کۆنگرەیەکی ئاوا پێك بێنیت کە بتوانێت درێژە بە کارەکانی خۆی بدات، چونکە لەهیچ کام لە بەشەکانی کوردستاندا ئەو فرسەتە نەبوو کە ئەو کۆنگرەیە پێك بێت و نەکەوێتە ژێر هەڕەشە، تەنانەت باس لەوە کرا زۆر باشم لەبیرە.

**والاپرێس: ساڵی چەند؟**

**هیجری:** دەقیقەن ساڵەکەیم لە بیر نەماوە، بەڵام دوای هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی ڕێژێمی جمهووری ئیسلامی بوو، باسی ئەوە کرا کۆنگرەکە، لە ئورووپا پێك بێت، بەڵام بەرپرسیاریەتییەکەی بسپێردرێت بە کەسایەتییەکی ناسراوی ئورووپی، بەڵام حیزبەکانی هەموو بەشەکان بەشێوەی نهێنی یارمەتیدەر و پشتوانی بن لە باری ئابوورییەوە، تەنانەت هەندێك لە ئەندامانی حیزبەکانیش ئەندام بن لە کۆنگرە، بەڵام نەك ئەندامە ناسراوەکانی و ئەوانەی لە دونیادا ناسراو بن، چونکە ئەو دەمی وەزعیەتەکە بۆ ئەو کارە گونجاو نەبوو لەو پێوەندییەدا دوای بەحسێکی زۆر بە نەتیجە نەگەیشتین و مەسەلەکە تائێستا ماوە.

**والاپرێس: بە بۆچوونی تۆ لە نێوان خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی، شەهید قاسملوو، مام جەلال جاران فکرەی سەرەکی ئەم کۆنگرەیە هی کێیە بە بۆچوونی تۆ؟**

**هیجری:** ئەوەندەی بزانم ئەوانە تێیدا بەشداربوون، بەڵام بە روونی ئەوە نازانم کە کامیان دەستپێشخەر بوون.

**والاپرێس: ئێران و تورکیە بانگێشت کراون وەك میوان بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی، بەڵام ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە لە دوایین دیداریدا دەڵێت من ناچمە ئەو کۆنگرەیەوە کە نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێرانی تێدا بێت، من دەمەوێت نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە، بۆ نموونە جامیعەی وڵاتانی عەرەبی رۆژێك نەبووە ئیسرائیل بانگ بکەنە کۆبوونەوەکانی خۆیان، ئەوە چ خێرە لێرە کۆنگرەی نەتەوەیی بڕیارتان داوە کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیە و سووریە و ئێران و عێراق بانگ بکەن، کە لە کاتێکدا کۆنگرەکە مەرامەکەی ئەوەیە کە کورد نەجاتی بێت لەمانە ـ کورد یەکگرتوو بێت و بتوانێت بەئاشتی بژی، ئەگەر قەرار بێت کورد دەوڵەتی خۆی دروست بکات رزگاری بێت؟**

**هیجری:** جیاوازییەك هەیە لەنێوان جامیعەی عەرەبی لەگەڵ ئێمە، لە جامیعەی عەرەبیدا بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی تا ئێستا ئیسرائیلیان بە ڕەسمی نەناسیوە، بۆیە شتێکی تەبیعییە کە نوێنەری رەسمی ئەو وڵاتە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ناوچەییدا لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی نێونەتەوە بەشداری دەکەن، ئەوان بەشداری نەکەن، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو حکومەتێك هەیە، ئێستا ئێمە قبوڵمان نییە وەك حکوومەتێکی دێموکرات، وەکوو حکومەتێکی گەلی کە لەسەر رەئی ئازادی خەڵك پێکهاتبێت، ئەوە راستە مەسەلەی تورکیە و سووریە و عێراقیش جیاوازن، بەڵام من لەو باوەڕەدام هەڵومەرجەدا کە ویست و داخوازەکان یان بەرنامەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی رادەگەیەنرێت نوێنەری ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا بێبەش کراوە با ئەوانیش لەوێ حزوریان هەبێت، با نوێنەری کۆماری ئیسلامی حزوری هەبێت، لەوێدا هێزی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانیش قسەی خۆی بکات، وتاری خۆی بدات، من لەو پێوەندەدا ئەوەی بە خراپ نابینم بەتایبەتی ئەو واقعیەتەی کە ئەمڕۆ تێیدا هەڵکەوتووین، دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین، نەك هەر ئێمە وەك کوردی رۆژهەڵات، بەڵکوو کوردەکانی دیکە تا ئێستاش پێمان خۆش بێت، پێمان ناخۆش بێت تەئسیری حکوومەتەکانی وڵاتەکانمان بەسەرەوە هەیە، هەروەك بینیمان ئەو کاتەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێك هات لەسەرەتادا کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا کەوتنە دژایەتی کردن و بەهەموو جۆرێك کۆسپیان پێك دەهێنا، بەڵام حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەخۆشییەوە بەڕوونکردنەوەی مەسەلەکان توانیان کارێکی وا بکەن کە ئەو دوژمنایەتییە تا حەددێك کەمبکەنەوە، ناڵێم ئێستا ئەوان دڵیان خۆشە بەپێکهاتنی حکوومەتی هەرێم، بەڵام لەو دوژمنایەتییە ئاشکرایەی خۆیان کەم کردووەتەوە، بۆیە من لەو پێوەندەدا موشکیلەیەکی ئەوتۆ نابینم کە تەنانەت نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە کۆنگرەکەدا حزووری هەبێت.

**والاپرێس: ئەگەر ئاڕاستەی کۆنگرەکە و بانگێشتکردنی ئێران بەو شکڵە بڕوات کە تەکلیفی ئەوەتان لێبکرێت لە پەراوێز و کۆبوونەوەکان لەگەڵ وەفدی کۆماری ئیسلامی دابنیشن، ئامادەن؟**

**هیجری:** من بەو جۆرە دانووستانانە کە کتوپڕ بێت و لەناکاو و بێ بەرنامە بێت، زۆر باوەڕم پێی نییە، چونکە ئەگەر حکوومەتی کۆماری ئیسلامی یان هەر حکوومەتێك بیەوێت لەگەڵ هێزی ئۆپۆزسیۆنی خۆی قسە بکات، پێویستیی بە هەندێك زەمینەسازی و ئامادەکاری هەیە.

**والاپرێس: لە ئێستادا هیچ زەمینەیەك نابینیت بۆ دانیشتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی؟**

**هیجری:** لە ئێستادا هیچ زەمینەیەك نابینم، چونکە من هیچ دەلیلێك بۆ ئەوە نابینم کە کۆماری ئیسلامی گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی لەسەر مافەکانی گەلی کورد و باقی نەتەوەکانی‌تر قسە بکات، کۆماری ئیسلامیی ئێران تا ئێستا ئامادە نییە مافی وەفادارترین کەسایەتییەکانی کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامییان دامەزراندووە بە رەسمی بناسی، مەهدی کەڕوبی و میر حوسێن مووسەوی لە زیندان دان کە رێبەرانی جووڵانەوی سەوزن، خۆ ئەوان هیچ مافێکیان داوانەکردووە، ئەوان باوەڕیان بە کۆماری ئیسلامی هەیە، باوەڕیان بە قانوونی ئەساسی هەیە، باوەڕیان بە ویلایەتی فەقیهـ هەیە، تەنیا داوایان ئەوە بوو کە بتوانن لە حکوومەتدا بەشدار بن، بەڵام ئەوانەی نەهێشت، هاشمی رەفسەنجانی کە لەباری سیاسییەوە بە تواناترە لە خامنەیی و زۆر نزیکتر بووە لە خومینی و لە دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، قبووڵی ناکات و لە کاندیداتۆری سەرکۆماری وەلای دەنێت، چۆن دەبێت ئێمە چاوەڕێی ئەوە بکەین کە کۆماری ئیسلامی بیەوێت لەسەر مافی کورد و ئازادی و دێموکراسی و ئەو شتانە لەگەڵ ئێمە قسە بکات، مەگەر ئەو کاتەی بیهەوێ پیلانێکی دیکەی خۆی دژی ئێمە جێبەجی بکات.

کۆماری ئیسلامیی ئێران تا ئێستا ئامادە نییە مافی وەفادارترین کەسایەتییەکانی کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامییان دامەزراندووە بە رەسمی بناسی

**والاپرێس: ئێوە لە ئێستادا هیچ رێگەچارەیەك نابینن لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دانووستان کردن؟**

**هیجری:** ئێمە ئێستا هیچ ئومێدێك نابینین کە کۆماری ئیسلامی بکەوێتە ئەو خەتە.

**والاپرێس: ئەگەر ئێران داوایەکی وا بکات تۆ دابنیشی لەگەڵیاندا وەك سکرتێری حیزبێك، لەکوێ حەزدەکەیت دابنیشیت ئەو دیالۆگە بەڕێوەبچێت بە ئامادەبوونی کێ، ئەمریکا، ئورووپا، حکوومەتی هەرێم؟**

هیجری: ئێستا بیرم لێ نەکردووەتەوە، چونکە لەو باوەڕەدا نەبوومە کە ئێران داوایەکی‌ئاوا بکا.

**والاپرێس: چواردە ساڵە بۆ یەکەمجارە پێنج سکرتێری حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە هەرپێنجتان (موهتەدی، عەلی‌زادە، هیجری، خالید عەزیزی و ئێلخانیزادە) لە بارەگاکەی ئێوە لە کۆیە کۆبوونەوە، ئایا ئەمە سەرەتای هەنگاوێکی باشە بۆ رۆژهەڵات و بۆ ئوپۆزسیۆنی کوردی رۆژهەڵات، هەست کردن بەمەترسییە یەکیخستوون، یان ئەوەی تۆ لەسەرەتاوە وتت هەست کردن بە بەرپرسیاریەتییەکی تازەی شۆڕشگێڕانە و ئەخلاقی و نەتەوەیی‌یە، واتە کامییانە، لەمبارەیەوە کەواتە کۆنگرەی نەتەوەی بۆ ئێوە هەنگاوێکی تازەیە، لانی کەم پێنج سکرتێری حزب لەماوەی چواردە ساڵی رابردووا یەکەمجارە پێکەوە دابنیشن؟**

**هیجری:** بە بۆچوونی من هەر دووکیەتی، هەم مەترسییە هەم هەست بە بەرپرسیارێتییە، مەترسی لەو بارەوە کە ئێمە رووبەڕووی هەڕەشەی زۆرین لە ناوچەدا، تەنانەت لە عێراقیشدا بەبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ناکرێت ئێمە بێخەیاڵ بین، پێمان وابێت هیچ مەترسییەك رووبەڕووی ئێمە نابێتەوە، ئەوە بەشێکێتی، بۆیە پێویستە یەکگرتوو بین و بەرنامە و پڕۆژەی هاوبەشمان هەبێت لەزۆر خاڵدا، مەسەلەی دووەم ئەوەی کە باستان کرد مەسەلەی بەرپرسیاریەتییە، بەرپرسیارییەتی بۆ ئەوەی ئێمە ئەگەر یەکگرتوو نەبین و نەتوانین لەسەر خاڵە گشتییەکان کە زۆر مەسەلەی نەتەوایەتی دەگرێتەوە پێکەوە بەرنامەی هاوبەشمان هەبێت لە داهاتوودا لە ئاڵوگۆڕەکانی کە چاوەڕوان دەکرێت لە ئێراندا بێتە پێشێ نەتوانین بەو جۆرەی کە پێویستە لە خزمەت ئامانجەکانی نەتەوەکەماندا بین و ئەو بڵاوی و دەنگی‌جیاواز و گێرە و کێشەکان جارێکی دیکە بەخۆمانەوە مەشغوولمان بکەن و فرسەتەکانمان لە دەست بچێت، بۆیە هەردوو لایەنی تێدا دەبینم.

**والاپرێس: پێتان خۆشبوو و هەرپێنجتان شتێکی باشبوو؟**

**هیجری:** بەڵێ، من پێشتریش هەوڵمدا کە ئەوکارە بکەین، بەڵام سەرنەکەوت، بەڵام بەخۆشییەوە ئەمجارە جێبەجێ بوو.

**والاپرێس: کێ رێگربوو لەوەی کە تۆ سەرنەکەوتی؟**

**هیجری:** نامەوێ بڵێم کێ رێگربوو، بەڵام بۆ مەسەلەی مەشوەرەت کردن لەسەر

هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێران و هەڵوێستی هاوبەشمان من هەوڵمدا هەمووومان لەجێیەك کۆ ببینەوە، لەهەر جێگایەك کە پێیان باش بێت، کۆ ببینەوە ئەوە هەندێك لایەن موخالیف بوون، مەبەستم ئەوەیە لەمێژە لەهەوڵی ئەوەدام، بەڵام ئەمجارە بەخۆشییەوە جێبەجێ بوو، زۆر خۆشحاڵم.

**والاپرێس: مێژوویەکی تاڵیشتان هەیە ئەم پێنج سەرکردەیە بەیەکەوە؟**

**هیجری:** زۆر.

**والاپرێس: نەتاندەتوانی پەیمانێك بنووسن لە نێوان هەر پێنجتاندا کە شەڕی ناوخۆ تەحریم کەن، هەڕەشە نەبن لەسەر یەکتر، یان لە ئاییندەدا شتێکی ئاوا بەنیاز نین؟**

**هیجری:** ئێمە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە کاك عەبدوڵڵا سەرۆکایەتییەکەی دەکات هاوپەیمانییەکمان هەیە، هەندێك خاڵی هاوبەشمان ئیمزاکردووە و رامانگەیاندووە، دەمێنێتەوە سەرئەوەی لەسەر مەسەلەی شەڕی چەکداری لەگەڵ یەکتری یان زۆر خاڵی دیکە، گرنگ ئەوە نییە چ شتێك دەنووسین و ئیمزادەکەین، گرنگ ئەوەیە چەند باوەڕمان پێیەتی، چونکە لەو ناوچەیەدا زۆر قەرارات و هاوپەیمانی ئیمزاکراوە و بڵاوکراوەتەوە و راگەیەنراوە، بەڵام دوایی تێکچووە، وەکوو لەسەرەتادا عەرزم کردیت ئەو تەجروبە تاڵانەی رابردوو پێم وایە ئێمەی هێنابێتە سەر ئەو باوەڕە چونکە هیچ کامێکمان نە وەك حیزبێکی سیاسی نە وەك خەڵکەکەمان قازانجی لێناکەین، ئێمە گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتە، بۆیە پێمان وایە کە لەگەڵ هیچ هێزێکی کوردی نامانەوێت

> **تەنانەت لە عێراقیشدا بەبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ناکرێت ئێمە بێخەیاڵ بین پێمان وابێت هیچ مەترسییەك رووبەڕووی ئێمە نابێتەوە، ئەوە بەشێکێتی**

تووشی بەربەرەکانییەکی چەکداری بین.

**والاپرێس: تۆ باسی ئەوەت کرد بۆ نموونە رێکەوتنێکتان هەیە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کاك عەبدوڵڵای موهتەدی، بەڵام بەشێکی، رەخنەتان لەسەرە ئەم دوو هێزە خۆیان جیاکردووەتەوە بۆ نەدەکرا هەموو هێزەکان بەیەکەوە بن؟**

**هیجری:** زەمینەی نەبوو، موشکیلەکە، موشکیلەی ئێمە نەبوو، موشکیلەی بەشەکانی دیکە بوو، ئەو هێزانەی لەنێو خۆیاندا موشکیلەیان هەبوو، دەنا ئێمە ئێستاش هەوڵ دەدەین بۆ فراوانتر کردنیئەم هاوپەیمانییە.

**والاپرێس: مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێوە تەنیا کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان بەڕەسمی وەکوو کۆمەڵە ئەناسن؟**

**هیجری:** ئەوان لە نێوخۆی خۆیاندا کێشەیان هەیە، لای ئێمە هەر رێکخراوێك بەو ناوەی کە هەیە ئێمە پێوەندیمان لەگەڵیان هەیە و کێشەمان نییە، زۆر ئاسوودەین لەگەڵیان لە پێوەندییەکاندا.

**والاپرێس: خاڵی هاوبەشتان هەیە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان؟**

**هیجری:** بەڵێ، هەندێ خاڵمان هەیە کە لەپەیماننامەکەدا ئیمزامان کردووەو رامانگەیاندووە.

**والاپرێس: بەنیازن ئەوە فراوان بکەن لە داهاتوودا؟**

**هیجری:** هەوڵ دەدەین ئەگەر ئەو کێشەیەی نێوان خۆیان چارەسەر بێت ئێمە لە هەوڵی ئەوە داین کە بەرفراوانتری بکەین.

**والاپرێس: کۆمیتەی کوردستانی ـ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران راگەیاندنێکی داوە دەڵێت ئێمە ئامادە نین بچینە ژێر ئەم پلانگێڕییەوەو ئەوە هەوڵێکی ناسیۆنالستانەیە، بۆ سازشە لەگەڵ ئێران، تەنانەت وای ناو دەبات ئێوە لەم بارەیەوە قسەیەکتان هەیە لەسەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران؟**

**هیجری:** حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و ئێمە جیهانبینییەکی تەواو لێکجیاوازمان هەیە بە نیسبەتی ئێران، بە نیسبەتی ناوچە، بە نیسبەتی دنیا، بە نیسبەتی مافی نەتەوایەتی ئەو بیر و باوەڕەی کە هەمانە وەکوو کورد لەگەڵ ئەوان بەتەواوی لەجیاوازی دایە، ئەوان هەر لێك نزیکبوونەوەی هێزەکانی کوردی، هەر ئاڵوگۆڕێك لەو پێوەندی‌یەدا هەمووی لە چوارچێوەی بیریکۆمۆنیزمدا دەبینن، پێیان وایە هەموو شتێك ئەمریکایە رێکی دەخات و بەخۆشییەوە ئەو بیر و بۆچوونانە هەم لە ئێراندا هەم لە ناوچەدا زۆر لاواز بووە.

**والاپرێس: کاك مستەفا کەسایەتییەکانی یارسان و پارتێکی یارسانەکان گلەیی دەکات کە دەڵێت کورسییەکانی رۆژهەڵات لەنێوان دوو حیزبدا یان لەنێوان ئەو پێنج لایەنەدا دابەشکراوە، حسابیان بۆ یارسانەکان نەکردووە، کە کوردن و خۆیان پێ کوردە و باسی ئەوە دەکات کە هیچ کەس لە کوردەکان لە ئیلام و کرماشان و خوراسان دەعوەت نەکراون، ئێوە جوابێکتان هەیە بۆ یارسانەکان؟**

**هیجری:** بەڵێ، یارسانەکان کوردن، کوردی رەسەنن و لەگەڵ ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد جیاوازییەکیان نییە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ژمارەیەکی زۆر یارسانمان هەیە لە ناوچەی یارساندا حیزبی دیموکرات جێ پێی قایمی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر هەندێك بۆچوون لێ دروست بووە ئەوانە بە بۆچوونی من بۆ قازانجی یارسان نییە، بەڵکوو بۆ قازانج و بەرژەوەندی هێندێك لەو کەسایەتی‌یانەیە، کۆنگرەی نەتەوەیی هێشتا پێك نەهاتووە چ مەعلووم لە ناوچەی کرماشان و ئیلام خەڵك دەعوەت ناکەن، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئەوەش بۆ خۆی دەچێتە ژێر پرسیار ئایا ئوسووڵەن کەسانێك لە نێوخۆی ئێران بەو فەزایە سیاسییەی لە ئێراندا حاکمە ئایا دەوێرن بێنەدەرێ، ئێران ئیجازەیان دەدات بێن لە کۆنگرەی نەتەوەییدا بەشداری بکەن؟ ئەوە بۆ خۆی جێگای باسە.

# چوارەمین کۆنگرەی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# لە وتووێژ لەگەڵ بەڕێز کەیهان یووسفی

دیمانە: هیوا میرزایی

**رۆژی هەینی رێکەوتی ٦ی بەفرانباری ١٣٩٢، کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش نزیك بە سێ دەورە بەردەوامبوون لە ژێر دروشمی "یەککگرتوویی گوتاری بزووتنەوەی خوێندکاری کورد" لە سێهەمین رۆژی کاری خۆیدا کۆتایی پێهات. بۆ ئەم مەبەستە و زانیاری زیاتر لەمەڕ ئەم کۆنگرەیە وتووێژێکمان پێکهێناوە لەگەڵ بەڕێز کەیهان یووسفی سکرتێری هەڵبژێردراوی چوارەمین کۆنگرەی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**پ: هەندێك لەسەر شێواز و چۆنیەتی گرتنی کۆنگرەی خوێندکاران بۆمان بدوێن؟**

**و:** بەپێی بەرنامە و پێڕەوی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەم رێکخراوە هەر ٢ سال جارێك دەبێت کۆنگرەی خۆی ببەستێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە کۆمیتە جیاجیاکانی ئەم رێکخراوە چەن مانگێك پێش کۆنگرە ئامادەکاریی بۆ گرتنی کۆنفرانس و کاروبارەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرەوە دەکرێت. نوێنەرانی بەشداربوو لە کۆنگرە لە کۆنفرانسەکان هەڵدەبژێردرێن و لە کۆنگرەش دەکەونە تاوتوێکردنی بابەتە دیاریکراوەکانی کۆنگرە کە لە لایەن لێژنەی بەڕێوەبەریی و بەپێی پێڕەوی نێوخۆ ئامادە کراون.

**پ: بە سەرنجدان بە هەڵومەرجی خوێندکاری نێوخۆی ئێران، پێت وایە گرتنی کۆنگرە دەتوانێ چ پەیامێکی هەبێ؟**

**و:** یەکەمیان پەیامی کۆنگرە بێ شك باوەڕمەندیی بە دێموکراسییە، چونکوو هەڵبژاردن و گرتنی کۆنگرە بۆ هەر رێکخراوێك باس لە باوەڕمەندی بە دێموکراسی و دێموکراتیك بوونی ئەو رێکخراوە دەکات. هەر بۆیەش کۆنگرە دەتوانێت پەیامی دێموکراسیخوازی بۆ خوێندکارانی نێوخۆی ئێران کە لە ژێر سەرکوتی دێکتاتۆریەتدان هەبێت و هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی دروشمی کۆنگرە واتا "یەکگرتوویی گوتاری بزووتنەوەی خوێندکاری کورد" پەیامی پێکەوە خەبات کردن لە ژێر چەتری گوتارێکی هاوبەش و نەتەوەییدا بە چالاکانی خوێندکاریی نێوخۆ دەدات کە پێداگری لەسەر ئەو راستییە دەکاتەوە کە رەمزی سەرکەوتنی ئێمە لە یەکگرتوویی و هاودەنگیدایە.

**پ: هەلومەرجی خوێندکارانی کورد لە ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**و:** خوێندکارانی کوردیش وەکوو خوێندکارانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە ژێر گوشار و زەبر و زەنگی سیستمی زاڵدان و بێگومان دۆخێکی زۆر باشیان نیە، هەم لە بواری ئامووزشی و خوێندنا و هەمیش لە بواری کاروباری چالاکیی خوێندکاری و مافەکانی خۆیان. هاتنی رووحانی لەگەڵ پڕوپاگەندەی کراوەبوونی فەزای سیاسی و بەتایبەت فەزای زانستگە و چالاکیی خوێندکاری هاوڕێ بوو، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە کراوەبوونی فەزای سیاسی و کۆمەڵگا لە چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامیدا شتێکی نەلواوە و بێگومان تراویلکەی هاتنی رووحانیش ناتوانێت خوێندکاران دڵنیا بکات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان.

**پ: ئایا لە باری رێکخستنەوە یەکیەتی خوێندکاران توانیویەتی لە بیاڤی خوێندکاری لە ئێران و بەتایبەت کوردستاندا رۆڵ بگێڕێ؟**



**و:** بەڵێ بە بەرپرسایەتییەوە دەڵێم کە توانیویەتی، بەڵام ئێمە و هاوڕێیانمان لە کۆنگرە لەسەر ئەو باوەڕە بووین کە یەکیەتیی خوێندکاران خاوەنی پۆتانسیەل و زەرفیەتێکی زۆر زیاترە بۆ ئەوەیکە بتوانێت رێکخستنەکانی بەهێزتر و بەربڵاوتر بکات و هەر بۆیەش یەکێك لە راسپاردەکانی کۆنگرە ئەوە بوو کە گرنگییەکی هەرچی زیاتر بە کاروباری نێوخۆی ئێران و کوردستان بدرێت بۆ گەشەکردن و وەدیهاتنی هەرچی زیاتری ئامانجەکانی یەکیەتیی خوێندکاران. یەکیەتیی خوێندکاران لە رابردوو و لە ئێستاشدا یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی بە رێکخستنی خوێندکارانی کورد دەزانێت و بێگومان فەلسفەی دامەزرانی یەکیەتی خوێندکاران، بە رێکخراوە کردنی کاروباری چالاکیی خوێندکاران لە نێوخۆی وڵات بووە.

**پ: بەرنامەی داهاتووی یەکیەتی خوێندکاران بۆ رێکخستن و کاری رێکخراوەیی لە کوردستان چۆن دەبێ؟**

**و:** لە راستیدا باسکردن لە بەرنامە و پلان بۆ رێکخراوێك کە لە لایەن دەسەڵاتەوە بە نافەرمی دەناسرێت و باوەڕمەند بە دەسەڵاتی زاڵ نیە و رێگاچارە بە نەبوونی دەسەڵاتی هەنووکەیی لە کۆمەڵگادا دەزانێت، ناکرێت لە راگەیاندندا و بە شێوەی ئاشکرا باسی لێوە بکرێت و بەتایبەت لە کاروباری رێکخستندا، بەڵام ئێمە هەوڵمان ئەوەیە کە بەپێی چیەتیی کاروباری خۆمان و هەروەها بەپێی جەوهەری کاروباری بزووتنەوەی خوێندکاری، چالاکییەکانی خۆمان لە راستای بە ئاگاکردنی کۆمەڵگای کوردستان و پەرەپێدانی کولتوور و گوتاری نەتەوەیی زیاتر لە جاران بەرفراوانتر بکەین. پێوەندییەکانمان لەگەڵ رێکخراو و چالاکانی خوێندکاریی نەتەوە ستەملێکراوەکانی دیکەی ئێران کە خاوەنی ژانێکی هاوبەشین بەربڵاوتر بکەین، هەوڵ بدەین کە هاوپێوەندییەکی پتەو لەگەڵ ئەوان پێك بێنین و پێکەوە هەنگاوەکانمان هاوڕاستا بکەین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان.

## رۆژەڤ

و: رەزا فەتحوڵڵانژاد

### سوریە، دژایەتیی نێوان ئیسلامگەراکان

ماڵپەڕی "سیاسەتی دەرەکی" وتارێکی بە قەڵەمی "هانیا مورتەدا" لە ژێر ناوی "دوژمنە ئیسلامییەکانی دوژمنە ئیسلامییەکانمان" بڵاو کردەوە. لە وتارەکەدا بەگشتی باسی "بەرەی ئیسلامی" کراوە کە "ڕەنگە بە زوویی ببێ بە دۆستی نوێی پێشبینی نەکراوی ڕۆژئاوا لە سووریە" لە بەرامبەر "بەرەی ئەلنوسرە" و "حکوومەتی ئیسلامی لە عێراق و شام"دا کە هەردووکیان سەر بە ئەلقاعیدە و توندڕەوەن.

لە سەرەتادا وتارەکە بە باسکردن لە کەسێك بە ناوی ئەبوو موحەنەد دەست پێدەکات. ناوبراو لە ٢٠١٢ و بەشێك لە ٢٠١٣دا ئەندامی سوپای ئازادی سووریە (FSA) بووە و هەنووکە وازی لە شەڕکردن بۆ ئەو سوپایە هێناوە، چونکە ئەو سوپایە کە ڕۆژئاوا پاڵپشتی بووە، هەنووکە هێزەکەی جارانی نەماوە و مەیدانەکەی زیاتر بۆ ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکان چۆڵ کردووە. ئەبوموحەنەد لە لایەن ئیسلامگەرا توندڕەوەکانەوە حوکمی کوشتنی دراوە. لە وتووێژێکی ئینتێرنێتی ئەبوموحەنەد لەگەڵ شەڕکەرێکی لاوی فەڕانسەیی حکوومەتی ئیسلامی عێراق و شامدا (ISIS)، لایەنە توندڕەوەکە ئەو بەوە تۆمەتبار دەکا کە لە ئیسلام لای داوە و وەك خۆی دەڵێ: "ئەو من بەوە تۆمەتبار دەکا کە بە شێوەیەکی شاراوە سێکۆلارم چونکە من لە جیاتی ئەوەی وەکوو ئەمارەتێکی ئیسلامی هێما بۆ وڵات بکەم، نیشتمانپەرەرانە قسەم کرد. من پێمگوت ئەو پێویست ناکات لە بارەی ئایینەکەی خۆمەوە شتم فێر بکات".

نووسەر دواتر دەنووسێ: "ئەبوو موحەنەد وەك زۆر لە شەڕکەرە هیوابڕاوەکانی دیکە هەنووکە لەسەر بەرەیەکی ئیسلامی نوێ مەرج دەبەستێ". ناوی "بەری ئیسلامییە" و خۆی نەك بە جیهادگەرا، بەڵکوو بە ئیسلامیی نیشتمانپەروەر پێناسە کردووە و نێردراوی ئەمریکا لە سەرەتای مانگی ڕابردوودا داوای دانیشتن و کۆبوونەوەی لەگەڵ کردووە تا هەم سەرنجیان بەرەو لای پشتیوانی لە پڕۆسەی ئاشتی لەگەڵ بەشار ئەسەد ڕابکێشن و هەم بەنیسبەت نزیکبوونەوەیان لە ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی سەر بە قاعیدە هۆشداریان پێدا، بەڵام ڕێبەری ئەو بەرەیە بە بێ هێنانەوەی هیچ بیانوویەك، دیدارەکەی ڕەت کردووەتەوە.

نووسەر هێما بۆ بۆچوونەکانی ئەسەد کانجو، چالاکێکی سیاسی دەکات کە "لەمەڕ حکوومەتی ئیسلامی بەدگومانە. ئەو لەو بڕوادایە کە ISIS دواجار هەردوو بەرەی ئیسلامی و گرووپە سێکۆلارەکان دەدا بە شەڕێکی ڕاستەوخۆ. ئەویش وەك زۆرێك لە سوورییەکان بەو قەناعەتە گەیشتووە کە گرووپی سەر بە ئەلقاعیدە وەکوو پۆششێك بۆ ڕێژیم و بە دژی شۆڕشەکە کار دەکات."

نووسەر دواتر ئەو جۆرە دژایەتیی بۆچوونانە لە نێوان ئیسلامییە توندڕەوە و ئیسلامییە نیشتمانپەروەرەکان بە گوتاری سەرەکیی نێو ئۆپۆزیسیۆنی بەشار ئەسەد لە سووریە دەزانێ و پێی وایە شەڕەکە بەرەو ئەو ئاقارە دەڕوات کە سوپای ئازادی سووریە ڕەنگی کاڵتر ببێتەوە و ڕۆژئاواییەکان پشتیوانی لە ئیسلامگەرا میانەڕۆکان بکەن.

سەرچاوە:
foreignpolicy.com

# مانەوە و گێڕانەوە

## فەلسەفەی گێڕانەوە لە ڕوانگەی عەباس مەعرووفییەوە

وەرگێڕانی ڕەهبەر مەحموودزادە



(١ ـ ٣)

### بەشی یەکەم ـ واقیعی داستانی

واقیعی داستانی[١]، بیرەوەری دەست تێ وەردراوی واقیعی مەوجوودە. نووسەر بە چاوی خۆی ڕووداوەکە نابینێ و نایگێڕێتەوە، بەڵکوو بە کامێراییێکی تایبەتی دەپەرژێتە سەر نەخشاندنی وێنە و ڕووداو و کەسایەتییەکان.

بە دەستەوە گرتنی کامێرا، یەکێك لە تەکنیکە سەرەکییەکانی نووسینی چیرۆك و ڕۆمانە و نەزانینی ئەم تەکنیکە کارێکی سانا دەکا بە کارێکی نەلواو. واقیعی مەوجوود دەبێ دەستی تێ وەردرێ. واقیعی مەوجوودی هەر ڕووداوێك، مادەی خاو و هەڵرژاوی بابەتێکە کە نووسەرێکی لێزان وەکوو چیرۆکێك دەیگۆڕێ و دەیگوورێنێ. نووسەر خەیانەت بە واقیعی مەوجوود دەکا هەتا ئەمەگی هونەرەکەی بداتەوە.

کێشەی زۆریەك لە نووسەرانی تازەکار ئەوەیە کە ناتوانن بە دروستی کامێراکەیان دابمەزرێنن. نازانن شوێنی گونجاوی کامێراکەیان لە کوێیە، لە چ گۆشەنیگاییێکەوە چیرۆکەکەیان دەست پێبکەن و کێ وەك گێڕەرەوە دیاری بکەن. نازانن نابێ یاریدەی کامێراکەیان بدەن. ئەو نووسەوە تازەکارانە بەو خولیایەی هەموو شتی بن بەڕە بێننە سەر بەڕە، ئەوەی لە چاوی کامێراکەیان نەدیو ماوەتەوە، ئاشکرای دەکەن. کەچی نابێ هەموو شت لەقاو بدەن.

### چۆنیەتی بەدەستەوە گرتنی کامێرا

ئەگەر لە کونی کلیلێکەوە بکەوینە گێڕانەوەی چیرۆکەوە، لەچاو ئەوەی نیگای کامێراکە بەسەر تەواوی ژوورەکەدا بڵاو کەینەوە، بەرهەمێکی یەکجار بەهێزترمان دەبێ و هەر کاتێك دە خۆمان ڕا دیت کامێرای چیرۆكنووسیمان لەناو کونی کلیلدا تاقەت بکەین، دەبێ بتوانین ئەوەندەش بە خۆمان بوەستین و ددان بە جەرگمانەوە بگرین کە لەو گۆشەنیگایە لانەدەین و پێی وەفادار بمێنینەوە و نەهێڵین هۆکاری دیکە لە دەرەوەی کامێراکەمانەوە خۆ دە ڕووداوەکان هەڵقوتێنن.

زۆربەی چیرۆكنووسان بە هۆی خراپ دامەزراندنی کامێراوە، ناتوانن لە بابەتێکی باش تەنانەت چیرۆکێکی مامناوەندیش بخولقێنن. کەچی ئەگەر چیرۆکی "دوو ئیسکی‌بازی" هێمینگوەی بخوێنینەوە، تێدەگەین گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە بە هەر کامێراییێکی تر، یا بە هەر گێڕانەوەیەکی تری جگە لەوە، بەرهەمێکی شاکاری لەبار دەبرد و سەقەتی دەکرد.

### هێمینگوەی و دوو ئیسکی‌بازەکە

دوو ئیسکی‌باز لە کێوەکانی ئاڵپ دێنە خوار و لە حاڵێکدا برسیەتی هێرشی بۆ هێناون و ڕێگایان بەرەو ڕێستۆرانێك خوار کردووەتەوە، بەسەر قەبرستانێکدا دەکەون و دەبینن سێ کەس خەریکی ناشتنی تەرمێکن، لادێییەك و قەبرهەڵقەنێك و قەشەیێك. ئیسکی‌بازەکان دەگەنە ڕێستۆران و زۆریان برسییە. کابرای قاوەچی دێتە لای مێزەکەیان و وێڕای ئەوەی خواردن و خواردنەوەیان بۆ دێنێ، خەبەر و باسی ناشتنی ژنە لادێییەکەشیان بۆ دەگێڕێتەوە و هەرجارەی بەشێك لە دەنگ‌وباسەکە دێنێ.

لەم چیرۆکەدا نە شوێنی کامێراکە دەگۆڕێ و نە کامێرای لاوەکی بۆ یاریدەدانی گێڕانەوەکە کەڵکی لێ وەردەگیرێ. هەرچی هەیە لە واقیعێکی ئارامدا دەچێتە پێش.

قاوەچی دەگێڕێتەوە: "کابرای لادێیی کە چەند مانگ لەمەوبەر لە تۆفوبەند و سەهۆڵبەندانی زستاندا ژنەکەی مردووە، لەبەر گیرانی ڕێگاوبان [ناعیلاج] تەرمی ژنەکەی دەباتە عەمباری ماڵەکەی و لەسەر تەختێکی درێژ دەکا. بەڵام هەرجارەی دەچێتە عەمبارەکە، تەرمەکە لەگەڵ دەرگای عەمبارەکە تێك هەڵدەنگوون و کابرا، کێشەی بۆ ساز دەبێ. کابرای لادێیی بڕیار دەدا جێگای تەرمەکە بگۆڕێ. بەڵام کە زەینی دەداتێ دەبینێ [لەو بەستەڵەکەدا] تەرمی ژنەکەی بە تەختەی ژێرییەوە نووساوە [و لێوەنابێ]. ناعیلاج تەختەکە بە تەرمەکەوە لە لای دەرگا بە دیوارەوە هەڵدەپەسێرێ. زاری ژنە مردووەکە وەك ئەوەی بەهۆی سەرسوڕمانەوە لێك داپچرابێ وایە."

ئەوەی ئێستا هەموو لە گوندەکە لێی ئاگادار بوونەتەوە ئەوەیە کە ڕوومەتی مەیتەکە سووتاوە و داپلۆخاوە. کابرای قاوەچی پەیتا پەیتا دەڵێ "ئەو دێهاتییانە حەیوانن!"

بەڕاستی چی ڕووی‌داوە؟ کابرای لادێیی تەرمەکەی بە دیوارەوە هەڵپەساردووە و هەرجارەی دەچێتە عەمبارەکە بۆی هەڵناسووڕێ فانووسەکەی هەڵاوەسێ، چونکە ئەو بزمارەی فانووسەکەی پێ هەڵدەواسی ئێستا کەوتووەتە پشت مەیتەکەوە. زاری مەیتەکەش لێك داپچڕاوە. کابرای لادێیی ناعیلاج دەبێ فانووسەکە بە ددانی ژنەکەیەوە هەڵاواسێ. ڕووداوەکە ئاوا ساکارە.

ئەو بەرهەمە هەر بەم تەکنیکە ساکارەوە لە زمان قاوەچییەوە بۆ دوو ئیسکی‌بازەکە دەگێڕدرێتەوە. ئەم دووانە خەریکی نان خواردنن و کابرای قاوەچی هەرجارێکی شتێکیان بۆ دێنێ، پشکێك لەو ڕووداوە سەیرەش لەگەڵ خۆی دێنێ.

کەس خەتابار نییە، نە قاوەچی نە ئەو ژنەی ناوەخت مردووە و نە لادێیی ماخۆمردە. هەر ئەوەندەیە چیرۆکەکەی هێمنگوەی دەخولقێ. وەك ئەوەی خودا لە کاری خوڵقان دابێ و نەبووبێ بە قازی و هەر بەتەنیا گێڕەرەوەی ڕاستییەك بێ کە لەبەر واقیعێکی مەوجوودەوە هەڵگیرابێتەوە.

### قوربانیی و قارەمان

پەرداخ کردنی [کەسێتی] قوربانی کاتێك دژوار دەبێ کە کەسایەتی قوربانیی نەبووبێ بە دژە قارەمان. خولقاندنی کەسایەتی قارەمانیش زۆر سانایە، وەك چۆن مێژوونووسان لە کەسایەتییەکی مێژوویییەوە قارەمانێکی نەتەوەیی دروست دەکەن و خەڵکیش لە ڕاپەڕینێکدا پەیکەرەی قارەمانە نەتەوەییەکە دەکێشنە خوار. کەسایەتییەکی داستانی کە قەت خوو و خدەی قارەمانانی نەبێ بە هیچ شۆڕش و ڕاپەڕینێك داناڕووخێ.

### ئێرنێست هێمینگوەی و کێوی سەهۆڵ

چیرۆکی هێمینگوەی وەك کێوی سەهۆڵ وان کە لە حەوت بەش، شەش بەشیان لەئاودا بێ و خوێنەر هەر بەتەنیا یەك لە حەوتیان بەدی بکا، بەڵام سەرلەبەریان تێ‌بگا و وەباڵیان بۆ بکێشێ. [دابین کردنی] زانیاریی شاردراوەی نێوان دێڕەکان دەستەڵاتێکی تایبەتی هێمینگوەیە. خوێنەر دێڕەکانی چیرۆك دەخوێنێتەوە بەڵام وا هەست دەکا لە شوێنێکەوە زانیاری زیادتر دەفیچقێننە ناو خوێنییەوە و هەر بۆیە چیرۆکەکانی هێمینگوەی لەبیر ناچنەوە. [وەك] چیرۆکی یەکێك لە کەمئەندامانی شەڕ کە بە گۆچانی بنهەنگڵییەوە و لاقێکی بڕاوە بە شەقامێکی دوورودرێژدا وەڕێ کەوتووە هەتا میدالیای پلە یەکی قارەمانەتیی شەڕ بفرۆشێ و ژەمەنانێکی دە هەناوی کا، بەڵام جامخانەی دوکانەکانی ئەوێ پڕە لەو میدالانە و قارەمانی تێشکاو بۆی هەڵناسووڕێ ئەو میداله بکا بە نان یا ئاو.

شێوازی هێمینگوەی بە تەعبیری نەجەفی دەریابەندەری تراویلکەیەکی خلیسکە کە زۆریەك لە لاساکەرەوانی هەڵخەڵەتاندووە. بەڵام هێشتا کەس نەیتوانیوە وەك خۆی لاسای بکاتەوە. هێمینگوەی وەك ڕێبوارێکی بێدەنگ وایە کە بەلای چیرۆکدا تێدەپەڕێ و شوێنەواری خۆی وەك نووسەر لە چیرۆك دەسترێتەوە. هەرچی زیادتر دەنووسێ نووسینەکەی ساکارتر دەبێتەوە. یەکێك لە کورتترین چیرۆکەکانی جیهان هی ئەوە؛ چیرۆکێکی وا کە لەبیر ناکرێتەوە:

" کاتژمێر شەش‌ونیوی بەیانی شەش وەزیری کابینەیان لەبەر دیواری خەستەخانەیێك تیرباران کرد. چەند شوێن لە حەسارێ ئاوی تێدا ڕاوەستابوو. لەسەر فەرشی حەسار گەڵای تەڕی مردوو بڵاو ببوونەوە. بارانێکی بە غوڕەم دەباری. گشت پەردەکانی خەستەخانەیان بە بزمار کوتابوو. یەکێك لە وەزیرەکان نەخۆشیی کەوتوویی هەبوو. دوو سەرباز هێنایانە خوارێ و بەناو بارانەدا بردیان. هەوڵیان دا لە پێش دیوارەکە بەسەرپێوە ڕایگرن. بەڵام کابرا لە نێو ئاوەکەدا دانیشت. پێنجەکەی دیکە زۆر بە هێمنی لە پێش دیوارەکە ڕاوەستان. ئاخیری ئەفسەرەکە بە سەربازەکانی گوت لەخۆڕا حەول نەدەن بەسەر پێوە ڕایگرن. کاتێك هەوڵ تەقەکانیان کرد دانیشتبوو و سەری لەسەر ئەژنۆی دانابوو."

نەجەفی دەریابەندەری وەرگێری دەستڕەنگینی بەرهەمەکانی هێمینگوەی [بۆ سەر زمانی فارسی] لە پێشەکیی "پیرەمێرد و دەریا"دا دەنووسێ: ئەوەی ئەو تەوسیفە ڕەسەر دەخا ون بوونی نووسەر لە مەیدانە. نە ڕوون کردنەوەیێك، نە ڕا دەربڕینێك، تەنانەت نە هێنانی ئاوەڵناو یا ئاوەڵکردارێك کە تەعبیر لە ڕوانگە و زەینییەتی نووسەرەکەی بکا. نزیکترین وشەکان لە ئاوەڵناوە زەینییەکان، "تەڕ" بوونی گەڵا مردووەکان و "بەغوڕەم" بوونی بارانەیە، کە بابەتگەلێکی تەواو عەینین.

ئەم بەشە بە ڕستەیەکی سەرسوڕهێنی ئێرنێست هێمینگوەی کۆتایی پێ دەهێنم:

"هەرچی زیادتر بەناو نووسیندا ڕۆدەچی زیادتر بەتەنێ دەمێنییەوە."

درێژەی هەیە

---

نیکوو سیاهکووهی

ئەڵێن دێیت!!!
سەرلەنوێ ..لە دووپاتبوونەوەی مێژوودا
لە بەرزایی کاجێکی سپی پۆشەوە
بە ئەستێرەیەکی داگیرساوەوە لەسەر سەرت و
بەفر دەبارێت...
مەگەر ئارام بوویێتەوە زامەکانت! و
گوڵی گرتبێت تاجە دڕکاوییەکەی سەرت
بۆ کوێ؟
بۆ کام زەوی دێیت؟
یەهوودا تۆوێکی پرش و بڵاوە.. لە وەرز وەرزی خەیانەتدا
مەڕە بێ‌ئازارەکان، بێ‌شوان ماونەتەوە..
گورگن!!!
دان تیژ و تینووی خوێن
دڕندەییان شارستانییەتی کەون دەلەرزێنێت
گەر بێیت... سەرلەنوێ گەر بێیتەوە

و: ناهید حسێنی

دوو خاچ دەنێنە سەر شانەکانت و
بزمار بە چاوتدا دەکوتن
.........
درەنگە مەسیحە نەجیبەکە
جاڵجاڵووکەی ئیدز لە مابەینی پرچەکانی مادلێندا هێلانەی کردووە
مەبادا بە فرمێسکە پیسەکانی پێیەکانت داپۆشێت
ئەوجارەیان زەوی
ئازارە گردبووەکانی مرۆڤ
لە جۆلجۆتای خاچەکەی تۆوە هەڵدەدات
بگەرێوە
لە عرووجە هەمیشەییەکەتدا
لای خودا بمێنەوە
ئێرە زەوییە، تەژی لە گەلەگورگ و
تا چاو هەتەر دەکات خاچ و خاچ و...خاچ
بگەڕێوە..

# پڕداهاترین کەسایەتییە مووسیقاییەکانی ساڵی ٢٠١٣

مادۆنا توانی لە سەرەوەی پێرستی ساڵانەی پڕداهاترین کەسەکانی دونیای موسیقی جێی خۆی بکاتەوە.

گۆڤاری بەناوبانگی فوربس هەروەکوو ساڵانی پێشوو پێرستی پڕداهاترین گۆرانیبێژەکانی ساڵی ٢٠١٣ی بڵاو کردەوە. لەم پێرستەدا مادۆنا بە داهاتێك زیاتر لە ١٢٥ میلیۆن دۆلار لە پلەی یەکەمدایە و لیدی گاگا بە ٨٠ میلیۆن دۆلار لە پلەی دووهەمدایە.

١ـ مادۆنا(١٢٥ میلیۆن دۆلار)

بەشێکی بەرچاو لە میلیۆنها دۆلار داهاتی ئەو پێوەندی هەیە بە گەشتی ٣٠٥ میلیۆن دۆلاریەکەی. هەروەها یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی زێدەبوونی داهاتەکەی، فرۆشتنی شتومەك لە کونسێرتەکانیدا بووە و هەروەها چالاکی لە بواری مۆدە و جلوبەرگ و بۆندا.



٢ـ لیدی گاگا(٨٠ میلیۆن دۆلار)

ئەگەرچی ئالبۆمی ARTPOPی ئەو پاش قۆناغی هەڵسەنگاندنی ئێمە بڵاو کراوەتەوە، بەڵام ئەو بە داهاتێکی ١٦٨ میلیۆنی لە گەشتی جیهانیی، ئەو توانایەی پێبەخشی کە تا کۆتایی ساڵ بە ٢٠٠میلیۆن دۆلار بچێتە سەرەوەی پێرستەکەوە.

٣ـ بن جووی( ٧٩ میلیۆن دۆلار)

راکێرە نیوجرسییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئێمە باشترینین. ئەوان لە کونسێرتەکانیاندا لە هەر شارێك توانیان زیاتر لە ٣ میلیۆن دۆلار بەدەست بێنن.

٤ـ توبی کیت(٦٥ میلیۆن دۆلار)

ئالبۆمەکانی کانتری کیت لە ٥ ساڵی رابردوودا ٢٧٠میلیۆن دۆلار فرۆشی هەبووە. بێجگە لەمانە ئەو لەم ساڵانەدا ١٨ رێستورانی کردووەتەوە کە رێژەی داهاتی ساڵانەی بردووەتە سەرەوە. بە راستی کە ئەو کابۆیەکی سەرمایەدارە.

٥ـ کلدپلی( ٦٤میلیۆن دۆلار)

ئەم پاپ راکێرە ئیرلەندیە بە هۆی گەشتە جیهانییەکەیەوە توانیویەتی ئەم پێگەیە لەم پێرستەدا بەدەست بێنێ کە لە هەر شارێك توانی زیاتر لە ٣ میلیۆن دۆلار بەدەست بێنێ.

٦ـ بروس ئێسپرینگستێن(٦٢ میلیۆن دۆلار)

ئەو پاش ماوەیەکی زۆر گەڕایەوە بۆ ئەم پێرستە. ئەویش دەبێ سپاسی گەشتە جیهانییەکانی بکا کە لە هەر شارێك یەك میلیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

٧ـ جاستین بیبێر(٥٨ میلیۆن دۆلار)

ئێستا ئەو سەرمایەداریەکی لاوە. لەو کاتەوە کە ساڵی رابردوو وێنەکەی لە سەر بەرگی فۆریس دەرکەوت و لە گۆشە و کەناری کانادا بۆ سەرانسەری جیهان سەفەری کرد، ٥٨ میلیۆن دۆلاری بە دەست هێنا.

٨ـ تیلور سویفت ( ٥٥ میلیۆن دۆلار)

سویفت بە ئالبۆمە نوێیەکەی کە لە حەوتووی یەکەمدا ١\١٢ میلیۆن دۆلاری لێ فرۆشرا توانی لە نێوان ١٠٠ ئالبۆمی پرفرۆشدا جێی بێتەوە.

٩ـ ئالتون جان(٥٤ میلیون دۆلار)

١٠ـ بیناسە(٥٣ میلیۆن دۆلار)

# چارلی چاپلین

١٢٥ ساڵ لەمەوپێش لە رۆژی ١٦ی ئاوریلی ١٨٨٩ی زایینیدا، "سێر چالز ئسپنسر چاپلین" ناسراو بە چارلی چاپلین، بلیمەتی جیهانی سینەما لە شاری لەندەن لەدایك بوو. چارلی لە تەمەنی ٥ ساڵیدا، لە شانۆدا خۆی نواند و بە خێرایی ناوبانگی دەرکرد. ناوبراو لە ساڵی ١٩٢٥ی زایینیدا، دەرهێنەریی فیلمی "لایم لایت"ی کرد و پاش ئەوە، دەستی کردە گەڕان لە جیهاندا. فیلمەکانی چاپلین تێکەڵاوێکە لە گاڵتە، خەم، رەخنەی بوێرانە و عشق بە مرۆڤایەتی کە بەناوبانگترینیان "بەدواداگەڕانیی ئاڵتوون"، "ژیانی سەگی" و "دیکتاتۆری مەزنە". زۆرکەس چارلی چاپلین تەنیا وەك کومێدیەنێکی سەرکەوتوو دەزانن، لە کاتێکدا ئەو لە بواری مووسیقاشدا لێهاتوویییەکی زۆری لە خۆی نیشان داوە. دروستکردنی مووسیقای فیلم، کاری ئاسایی ئەو بووە و بە گشتی توانیویەتی مووسیقای ٢٣ فیلم تەواو بکات. ئەو توانایەکی زۆری لە چێکردنی مووسیقادا هەبوو. لە ساڵی ١٩٧٢ بوو بە براوەی خەڵاتی ئۆسکار.



چارلی چاپلین گرینگترین و کاریگەرترین قوتابیی "مەك سێنت" و منداڵی نمایشدەری تالارە خوجێیەکانی مووسیقا، منداڵیی خۆی لە گۆڕەپانە سەرقاڵکەرە چێژبەخشەکان تێپەڕاندبوو. وێنای ئەو لە جیهان، هەر وەك "چارلز دیکێنز" و "د.و. گریفیس" بە هەموو جۆرەکانی هەژاری و دەستکورتی قۆناغی منداڵی و لاویەتی رەنگیرژێن کرابوو و لە ماوەی تەمەنی خۆیدا لە هەمبەر هەژارەکان هاوسۆزییەکی قووڵی نیشاندا. لە ساڵی ١٩١٣، کاتێك کە بە مووچەی سەد و پەنجا دولار بۆ یەك حەوتوو لە کومپانیای "کی ئیستون" دامەزرا، ئەکتەرێکی گەرۆکی نمایشەکانی "ودویل"ی ئامریکایی بوو. لە یەکەمین فیلمی کە بە ناوی " هەوڵدان بۆ مووچە"(١٩١٤) بۆ مەك سێنت رۆڵی گێڕا. رۆڵی خۆش پۆشێکی ئیپێکی ئینگلیسی گێڕا، بەڵام بە فیلمی دووهەمی، "ئاژاوەی نامۆی موبیل"(١٩١٤) کاراکتێر و شکڵی رواڵەتی بەڕەڵایەکی چووکەی پیشان دا، کاراکترێك کە چاپلینی بەناوبانگ کرد و ئەوی کردە سەمبولێکی جیهانی لە گۆڕەپانی سینەمادا.

دیمەنێك لە فیلمی "بەدواداگەڕانیی ئاڵتوون" لە دەرهێنەریی چاپلین، تاکوو ژوئەنی ١٩١٧ بایەخێکی زۆری بەدەست هێنا. لەم رووەوە، گرێبەستێکی یەك میلیۆن دۆلاری لە لایەن "فێرست نشناڵ" بە ئەو پێشنیار کرا تاکوو هەشت فیلم بە شێوەی دڵخواز بۆ ئەم کومپانیایە بەرهەم بێنێ. ئەم گرێبەستە دەرەتانی بۆ ئەو رەخساند تاکوو بۆ خۆی ستۆدیۆیەك دابمەزرێنی و هەموو فیلمەکانی تا ساڵی ١٩٥٢ لەوێدا بەرهەم بێنێ. (ئەمە ساڵێك بوو کە چاپلین ئامریکای جێ هێشت) سەرکەوتووترین کاری چارلی لە فێرست نشناڵ یەکەمین فیلمی بڵیندی ئەو (کورە گچکە، ١٩٢١) بوو. ئەم فیلمە کومێدی بوو و چیرۆکی کەسێکی بێکارە کە عاشقی کورێکی گچکە دەبێ لە گەرەکێکی هەژارنشیندا. فیلمی کورە گچکە، دەنگدانەوەیەکی زۆری بوو لە جیهاندا و زیاتر لە ٢|٥ میلیۆن دۆلار قازانجی بۆ ئامادەکارەکەی هەبوو. "بەدواداگەڕانیی ئاڵتوون"، بەرچاوترین بەرهەمی چارلی چاپلین بوو کە هەنووکەیش هەر وەکوو ساڵی ١٩٢٥ جێی ئۆگریی خەڵکە. لە فیلمی دواتری خۆیدا بە ناوی "سیرك" (١٩٢٨) ئەو گەڕیدە چووکەیە کەوتە بیری کە ببێت بە دەڵقەك. فیلمێکی بێدەنگ بە پێکهاتەیەکی جوان کە لە رەوتی دەنگداربوونی سینەما بەرهەم هات و لە ساڵی ١٩٢٩دا، خەڵاتی ئۆسکاری بۆ باشترین فیلمنامە، ئەکتەر، دەرهێنەر و باشترین فیلم( ئامادەکاری) بە دەست هێنا.

چارلی چاپلین پاش ٨٨ساڵ تەمەن و ٨٣ ساڵ ژیانی هونەری لە گۆڕەپانەکانی تیاتر و سینەما، لە رێکەوتی ٢٥ی دیسامبری ساڵی ١٩٧٧ ماڵئاوایی لە ژیان و جیهانی سینەما کرد.

# قوتابخانەی باربیزۆن

قوتابخانەیەکی نیگارکێشیی فەرانسەیی بوو کە لە نێوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵدا، کە خۆی بەشێك بوو لە بزووتنەوەی ناتۆڕیالیزم. باربیزۆن پشکێکی زۆری لە پێکهێنانی ریالیزم لە نیگارکێشیی "سروشت"ی فەرانسەدا هەبووە. سەرەڕای ئەوەیکە پەیڕەوانی ئەم قوتابخانەیە لە ژێر کاریگەریی گەڕانی بزووتنەوەی رۆمانتیك بۆ ئارامی لە سرووشتدا بوون، بەڵام هەر بەو رادەیە لە هاوشێوەسازیی نمایشی دیمەنە رۆمانتیکەکان خۆیان دەپاراست و هەروەها لە نەریتە کلاسیك و ئاکادیمیکیەکانیش، کە لە دیمەن تەنیا وەك پشتبوارێك بۆ چیرۆکە مێژوویی یا چارەئەندێشانەکان کەڵکیان وەردەگرت خۆیان دەبوارد.

هەواڵ

## حوسێن یووسف زەمانی هونەرمەندی ناسراوی کورد کۆچی دوایی کرد

حوسێن یووسف زەمانی ژەنیار و موزیکزانی سنەیی بە هۆی نەخۆشییەوە لە شاری تاران ماڵاوایی لە ژیان کرد.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، حوسێن یووسف زەمانی پاش ٥٠ ساڵ کاری فەرهەنگی و هونەری لە بوارەکانی "سەمفۆنیك، ئۆپێڕای تاران، ئۆرکێسترای رادیۆ و تەلەویزیون" لە رێکەوتی ١٠ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ئەو هونەرمەندە ساڵی ١٣١٢ لە شاری سنە لەدایك بووە و لە ١٣٣٧ بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن لە شاری سنەوە چووەتە تاران و توانیویەتی بڕوانامەی "کونسێرواتواری باڵای مۆسیقا" بەدەست بێنێت.

ئەو ژەنیارە کوردە لە "ڤیۆڵۆن"دا شارەزایەکی بێهاوتای هەبوو و هەروەها لە بواری ئاوازدانەریشدا، چەندین بەرهەمی ناوازەی ئافراندووە.

سەمفۆنی مەرگی سۆهراب، مارشی شاهین، شەپۆل، مارشی نەبەرد، شادییە بچکۆلانە، بۆنی باران، پەیامی من، هاوسەنگەر، سەمای باران و دەمهەوێ قسە بکەم، بەشێك لە بەرهەمەکانی مامۆستا "حوسێن یووسف زەمانی"ین.

## ئیدارەی فەرهەنگی ورمێ، مۆڵەتی چالاکیی گروپێکی شانۆی کوردیی هەڵوەشاندەوە

گرووپی شانۆیی "سنوور" لە شاری ورمێ، لەلایەن ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئەو شارەوە هەڵوەشێندرایەوە.

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ورمێ بە بەڕێوەبەرانی گرووپی شانۆیی سنووریان راگەیاندووە، لە حاڵەتێکدا دەتوانن لە چالاکییەکەیان بەردەوام بن، کە تەنیا بە زمانی فارسی شانۆ نمایش بکەن.

هەڵوەشانەوەی گرووپی شانۆیی سنوور لە کاتێکدایە کە ئەو گرووپە ماوەی ١ ساڵە مۆڵەتی چالاکیی لە ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ورمێ وەرگرتووە و لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك چالاکیی شانۆییان لە شاری ورمێ بەڕێوە بردووە.

گرووپی شانۆی سنوور بە سەرپەرستیی محەممەد عەبباسی نزیك بە ٢٠ ئەندامی شانۆکاری هەیە و نیوەی ئەندامانی ئەو گرووپەش لە ژنان و کچانی شانۆکاری کوردی خەڵکی شاری ورمێ پێکهاتووە، کە بە بڕیاری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ورمێ مۆڵەتی چالاکییەکەیان هەڵوەشێندرایەوە.



بێ دوان...

# درگا لەسەر گێژەنەی خۆی دەسووڕێتەوە

عادڵ مورادی

حکوومەتی ئێران هەمیشە پێشێلکاری مافی مرۆڤ و مافی کەمینە نەتەوەیی و ئایینیەکانی ئەم وڵاتە بووە و هەیە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە نەتەوەکانی ئێران، ژێرخانی شوناسی ئێرانن و بنیاتنەری فەرهەنگی ئێرانن. هەبوونی نەتەوەی جۆراوجۆر لە هەر وڵاتێکدا وەکوو سەرمایە یان دەسکەوتێك سەیر دەکرێت. هەر بۆیە، ئەم سەرمایە و دەسکەوتانە دەبێ بناسرێن و وەڵامی داخوازییە ڕەواکانیان بدرێتەوە و ئیمکانات و سەرچاوە داراییەکانیان بە شێوەی عادڵانە و یەکسان و بەبێ هیچ جیاوازییەك بە سەریاندا دابەش بکرێت.

تاوتوێ کردن و پرژانە سەر پرسی نەتەوەکان و کەمینە ئایینیەکان بەشێك لە بەڵێنییەکانی کاتی بانگەشەی حەسەن ڕووحانی بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری بووە و بریار بوو پاش ئەوەی حەسەن ڕووحانی پۆستی سەرکۆماری بەدەستەوە گرت، بۆ پێڕاگەیشتن بە پرسی نەتەوەکانی ئێران و دەستەبەرکردنی مافەکانیان "بنیاتی پێ ڕاگەیشتن بە کاروباری نەتەوە و کەمینە ئایینیەکانی ئێران" دابمەزرێت، بەڵام ئەم بنیاتە یان ناوەندە لە جێگری سەرکۆمارەوە بۆ یاریدەدەری تایبەتی ئەو گۆڕدرا و پۆستێك لە ژێر ناوی "یاریدەدەری تایبەتی سەرکۆمار بۆ کاروباری نەتەوە و کەمینە ئایینییەکان" پێکهات و ئەم بەرپرسیارەتییەش بە عەلی یوونسی کە پێشینییەکی ئەمنییەتی لە نێو دەزگا ئیتلاعەتییەکانی ڕێژیمی ئێراندا هەیە، سپێردرا.

ڕووحانی لە بەرەبەر و جەنگەی هەڵبژاردنەکاندا بەردەوام بانگەشەی بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران کردووە و لە ڕاگەیاندراوی ژمارە سێهەمی خۆی کە بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوە و کەمینە ئاینییەکان ئامادە کرابوو و بڵاو کرایەوە، لە ١٠ خاڵدا بەرنامەکانی خۆی لەو بارەوە خستە بەردەست بیروڕای گشتی. ئەو ڕاگەیاندراوە بەم شێوە ئاخاوتنە فێڵبازانەیە دەستی پێکردبوو: "وڵاتی جوانی ئێمە، ئێران، باخچەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لە هەر هەرێم، زمان و ئایینە جیاوازەکانە" و لە خاڵی چوارەمیش دا هێمای کردبوو: خوێندن بە زمانی زگماکی (کوردی، ئازەری، عەرەبی و ....) بە شێوەی فەرمی لە ئاستی قوتابخانە و زانکۆکان لە پێوەندی لەگەڵ جێبەجێ کردنی ئەسڵی پازدەی یاسای بنەڕەتی ئێران". هەروەها بەشداری گشتی بە بێ لەبەرچاوگرتنی زمان و ڕەگەز و ئایین لە بەڕێوبەرایەتییە باڵاکانی وڵات و جێبەجێ کردنی ئەسڵی شایستەسالاری هەموو ئاستەکانی سیاسی و ئیداری، بە شێوەیەك کە هەموو هاوڵاتیان بەشێوەی یەکسان و عادڵانە ئیمکانی بەشداری لە هەموو ئاستەکان تەنانەت تا ئەندامەتی ئەنجومەنی وەزیرانیان هەبێت و ململانێ و مشتومڕ لە سەر بەدەستهێنانی پۆستەکان، بە پێی لێهاتوویی بێت و هیچ کەس بە هۆی نەتەوە یان ئایینەکەی لە هیچ دەرفەتێك بێبەش نەکرێت، لە بەڵێنە سەرنجڕاکێشەکانی ڕووحانی بە خەڵك بوون.

بەڵام بە کردەوە بینیمان کە ڕووحانی لە پێکهێنانی کابینەکەیدا، لە مافە شارۆمەندییەکانی و لە چوارچێوەی کۆمەڵێك ڕستەی سەرنجڕاکێش، ناڕوون و فریودەر بۆ ماوەیەك خەڵك سەرقاڵیی چەواشەکارییەکانی خۆی بکات.

بۆیە بە لەبەرچاو گرتنی جەوهەری بەتەواوی ئیدئۆلۆژیك و ئایینی کۆماری ئیسلامی، مێژووی پڕ لە هەڵاواردن و هەنووکەش، کردەوەی دەوڵەتی ڕووحانی لە بەڵێنیەکانی خۆی نەبردە سەر و باسێك لە هەبوونی کەس یان کەسانێك لە نەتەوە ژێردەستە و کەمینە جیاوازەکان لە کابینەکەیدا، لەگۆڕێدا نییە و بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەم بابەتە جارێکی تر پەنایان بە فریوکاری بردووە وتوویانە کە کابینە، تەنیا ئەنجوومەنی وەزیران نییە و بەم حاڵەیشەوە هێشتا لە نەتەوە ژێردەستەکان لە ئاستی جێگیر یان پۆستەکانی دیکەش کەسیان دەسنیشان نەکردووە.

هەر لەم پێوەندییەدا، عەلی یوونسی وتوویەتی کە سەرنەکەوتن لە دانانی کەسانێك لە کەمینە نەتەوەیی و ئایینیەکان لە هەندێك لە پۆستەکانی باڵای حکوومەت بەو مانا نییە کە دەوڵەت نایهەوێ لە داهاتوودا ئەم بەڵێنییە جێبەجێ بکات، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی کارنامەی دەوڵەتی ڕووحانی لەو کاتەوە کە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتووە، ئەم لێدوانانەی یوونسی، نموونەی بەرچاوی "وادەی سەر خەرمانی" ئەوان بە خەڵك و گاڵتەکردن بە عەقڵی کۆمەڵ دێتە بەرچاو. بە پێچەوانەی ئەو بەڵێنیانەی کە لە کاتی هەڵبژاردندا حەسەن ڕووحانی بە خەڵکی داوە، تەنانەت ئەو بەشە لە بەرپرسانی سەر بە نەتەوە زوڵم لێکراو و کەمینە ئایینیەکاندا کە وەفاداریی خۆیان بە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوودا سەلماندووە، لە کاروانی دانان و دەسنیشان کردنەکانی دەوڵەت بێبەش کراون. ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو کردەوەیە، جێبەجێ نەکردنی ئاشکرای بەڵێنیەکانی ڕووحانی لە کاتی هەڵبژاردنەکانیاندایە کە لە ڕاگەیەندراوی ژمارە سێهەمی خۆی هێمای کردبوو.

هیچ خاڵی ئەو ڕاگەیەندراوە کە لە ١٠ خاڵ پێکهاتبوو، لە ماوەی سەد ڕۆژی سەرەتایی دەسەڵاتداری ڕووحانیدا جێبەجێ نەکراوە و تەنانەت لە ڕاپۆرتی کاریی ئەو سەد ڕۆژەش بە هیچ شێوەیەك هێمایان بۆ نەکراوە.

هەروەها بە پێی یاسای بنەڕەتی ڕێژیمی ئێران، خەڵکی دانیشتووی ئەو وڵاتە بە کەسانێك دێنە ئەژمار کە توانای هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیان نییە و کەسێك بە ناوی وەلی فەقیە ڕێنوێنی و ڕێبەرییان دەکات. لەم چەشنە هیچ کات مافی شارۆمەندی و هاووڵاتی بوون لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا بێ واتایە و جێبەجێ بوونی زۆر ئەستەمە و هێنانە ئارای تەنیا بۆ فریودانی کۆمەڵگایە. هەنووکە حەسەن ڕووحانی لە ژێر گوشاری خەڵکدا هەوڵ دەدات تا بە کەڵکاژۆ وەرگرتن پێوەندی لەگەڵ دانانی وەزیرەکان و دەستنیشان کردنی پارێزگاکان و بێبەری بوونی نەتەوە زوڵم لێکراوەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوبەری، سیاسی و ئابووری وڵات و ناتەبایی لە کردەوەی سەرکۆمار، وەزیری نێوخۆ و یاریدەدەری تایبەتی سەرکۆمار لە کاروباری نەتەوەکان و پێداگری کردن لە سەر بەپێچەوانە نیشاندانی بارودۆخی نەتەوەکان لە نێوخۆی وڵات، ئەوە دەسەلمێنێ کە ماری خۆش خەت و خاڵی کۆماری ئیسلامی کارژ دەخات، بەڵام جەوهەر و نێوەرۆکی وەك خۆی دەمێنێتەوە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت. کەواتە بۆ هەمووان ئاشکرایە کە ڕووحانی تەنیا بۆ پاراستنی ڕێژیم هاتووە و ئەرکێکی دیکە بۆ خۆ دانانێت.



# دیسانیش لەسەر ناکۆکییەکانیان کۆک بوون

ڕووکەن

چەند ڕۆژ لەمەوبەر ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی سووریە و پارتی یەکیەتیی دیموکراتیك، لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانیان لە شاری هەولێر پێکەوە کۆبوونەوە. ئەو ناکۆکیانەی کە بە کردەوە کۆمەڵگای کوردستانی سووریەی بە سەر دو بەرەی لایەنگرانی ENKS و لایەنگرانی PYD دابەش کردووە. بێگومان چارەسەرنەکردنی ئەو ناکوکیانە و ئەو شێوە دابەشبوونە، دەتوانێ یارمەتیدەری پیلانە جۆراوجۆرەکانی دوژمنانی گەلی کورد لە دژی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی کوردی لەو بەشەی کوردستاندا بێ.

لایەنە سیاسییە ناکۆکەکانی کوردستانی سووریە دوای چەند ڕۆژ کۆبوونەوەی چڕوپڕ، بێجگە لە چەند خاڵێکی هاوبەش نەبێ، دیسانەوەش نەیانتوانی لەسەر پرسە گرینگ و چارەنووسسازەکان ڕێك بکەون. بەپێی زانیارییەکان یەکێك لە داخوازەکانی ENKS ئەوە بووە کە PYD هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر ڕێژیمی سووریە ئاشکرا بکا کە ئاخۆ ئەوان لەگەڵ ڕێژیمی بەشار ئەسەددان، یان لە دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەدن؟ بەڵام ناکۆکییە سەرەکییەکانیان لە سەر کومیتەکانی دارایی، سەربازی و ئەمنیەتی بووە.

لەمەڕ کۆمیتەی سەربازی، ENKS پێشنیاری ئەوەی کردوە کە هێزێکی یەکگرتووی سەربازی لە کوردستانی ڕۆژئاوا پێك بێنن بە شێوەیەك کە ئەم هێزە یەکگرتووە لە هێزەکانی پاراستنی گەل YPG و ئەو کوردانەی کە لە کوردستانی باشوور خولی سەربازییان دیوە دابمەزرێ. بەڵام PYD قبووڵی نەکردووە کە هێزێکی بەم شێوەیە و بە ناوێکی دیکە بێجگە لە YPG لەوێ دابمەزرێ.

پرسێکی دیکە کە هەر دو لایەنەکان نەیانتوانی لە سەری ڕێك بکەون پرسی دارایی بوو. ENKS دەیهەوێ کە لەگەڵ ئەنجومەنی ڕۆژئاوای کوردستان (EGRK) لە هەموو سەرچاوە داراییەکاندا هاوبەش بن، بەڵام لە سەر ئەو پرسە گرینگە نەیانتوانی بگەنە ئەنجامێکی دڵخواز. هەروەها لەسەر بەشداری لە کۆنفرانسی ژنێڤیش نەیانتوانی بگەنە ڕێککەوتنێکی جێگای هیوا و ئومێد. بەڵام بڕیاریان دا کە دەستەی باڵای کورد کە نوێنەرایەتیی هەر دو لایەن دەکات چالاك بکرێ و ئەو دەستەیە هەموو هەوڵی خۆی بە کار بێنێ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەك لە پێناو بەشداریی کورد لە کۆنفرانسی ژنێڤی دوو بە یەك هەڵوێست و یەك داخوازی هاوبەش، بۆ ئەوەی کە بتوانن پشتیوانیی وڵاتە زلهێز و کاریگەرەکان بۆ لای مافە نەتەوەییەکانی خۆیان ڕاکێشن.

بێگومان هەر کوردێکی ئازادیخواز کە دڵی بۆ ئازادی و دیمۆکراسی لێ دەدا، زۆر بە وردبینی و بە هەستیارییەوە بەدواداچوون بۆ پرسی کورد لەو بەشەی کوردستاندا دەکات و بە ئاکام نەگەیشتنی وەها کۆبوونەوەگەلێکیش زۆر نیگەرانیان دەکات. هەر بۆیەش ئەوان هیواخوازن کە لایەنە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان بە درێژەدان بە وتووێژەکانیان لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانیان، بگەنە ڕێککەوتنێکی ستراتیژی و بتوانن ئازادی و دیمۆکراسی و سەرکەوتنی یەکجاری بۆ گەلەکەیان بە دیاری بێنن.

# زیادکردنی حەشیمەت، فێڵێک بۆ ئاپارتاید لە ئێراندا


سەلام ئیسماعیل پوور

حەشیمەت یەکێك لە پارامێترە سەرەکییەکانی پێکهاتن، مانەوە، پێشکەوتن و دواکەوتوویی هەر وڵاتێکە.

لە نێوان لایەنە جۆراوجۆرەکانی حەشیمەتدا کە جۆری سیاسەتەکان، ململانێیەکان و تەنگژە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و پێگەی ئابووری، تاکتیکەکان و ئیستراتیژییە نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەکانی هەر وڵاتێك دیاری دەکەن، فاکتەری پێکهاتەی حەشیمەت، بێگومان رۆڵێکی دیاریکەر دەبینێت.

لەم رۆژانەدا کە پرسی پێویستیی زیادکردنی حەشیمەتی ئێران بۆتە باسێکی سەرەکی لە رۆژەڤی سیاسیدا، کۆمەڵێك هۆکار بۆ ئەم پێویستییە دەخرێنە ڕوو کە لەوانە دەتوانین هێما بکەین بۆ پیربوونی حەشیمەت و مەترسییەکانی بۆ سەر تەناهیی نەتەوەیی، کەمبوونەوەی حەشیمەتی بەرهەمهێنەر و چوونەسەری حەشیمەتی بەکاربەر (بەساڵاچووان) بکەین کە لایەنی ئاشکرای پڕوپاگەندەی ڕێژیم بۆ نیشاندانی پێویستیی زیادکردنی حەشیمەت پێك دێنن.

بەڵام لایەنی شاراوەی ئامانج و مەبەستەکانیان لە راستیدا هەڵقوڵاوی تۆقانی ڕێژیم لە گۆڕانی پێکهاتەی حەشیمەت بە قازانجی کەمینە ئایینییەکان و نەتەوە بندەستەکانە. لەم پێوەندییەدا وتەکانی زبیگنیو برژینسکی، ئیستراتیژیستی بەناوبانگی ئامریکایی جێگەی سەرنجە کە دەڵێ: "خۆتان لە بیرکردنەوە لەمەڕ




هێرش بۆ سەر ئێران ببوێرن، لەبەر ئەوەیکە کات، ئامارەکانی حەشیمەت و گۆڕینی وەچە لە ئێراندا بە قازانجی حکوومەتی ئێران نیە".

بە دانانی ئەم روانگەیە لە تەنیشت دەربڕینەکانی کۆمەڵێك لە روخسارە ئایینی و سیاسییەکانی ڕێژیمدا دەتوانین لە هۆکارەکانی تۆقانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە درێژەکێشانی رەوتی ئێستای گەشەی حەشیمەت و جیاوازییەکانی لە ناوەند و دەوروبەری بازنەی دەسەڵات و ساماندا تێ بگەین.

یەکەم جار کە ئەم تۆقانە بە ئاشکرا خۆی نواند، بڵاوبوونەوەی هێندێك گرتەی ویدیۆیی لە قسەکانی ئاخوندێك بە ناوی مەهدی دانیشمەند بوو کە تێیاندا وێڕای سووکایەتی بە باوەڕمەندانی ئایینزای ئەهلی سوونەت، رادەی چوونەسەری حەشیمەتی لە ناوچە سوننەنشینەکانی ئێراندا بە تۆقێنەر و مەترسییەك بۆ سەر باڵادەستیی ئایینزای شیعە زانیبوو و خوازیاری بەربەرەکانییەکی جیددی و هەمەلایەنە لەگەڵ ئەو رەوتەدا بوو.

بەپێی ئامارە فەرمییەکان، لە دوو دەیەی رابردوودا رەوتی زاوزێی گشتی واتە ژمارەی منداڵانی جێگرەوەی دایك و باب لە ئێراندا، لە ٦/٠٨ لە ساڵی ٥٥دا گەیشتووەتە ١/٨ لە ساڵی ٨٥ و ١/٦ لە ساڵی ٨٩دا.

بەپێی نیشاندەرە زانستییەکان، ئەگەر رەوتی زاوزێی گشتی کەمتر لە ٢/١ بێت، بەرەبەرە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی حەشیمەت.

تا ئێرە ئامارەکان هۆکارێکی ئەوتۆ بۆ تۆقان لە گۆڕینی پێکهاتەی حەشیمەتی ئێران لە نێو بەرپرسانی ڕێژیمدا ناخەنە روو. کاتێك دەتوانین لە هۆکاری راستەقینەی ئەم تۆقانە تێبگەین کە ئەم ئامارانە لەگەڵ ئاماری گەشەی حەشیمەت لە ناوچە پەراوێزکەوتووەکان و لە نێوان باوەڕمەندانی کەمینە ئایینییەکان (و بەو پێیەش لە نێو نەتەوەکاندا) بەراورد بکەین.

لەم پێوەندییەدا، ماڵپەڕی شیعە ئانلاین لەسەر زاری "دوکتور عەلەوی"مامۆستای زانکۆی مەشهەد دەگێڕێتەوە کە: "رادەی زیادبوونی حەشیمەت لە هێندێك لە ناوچە سوننەنشینەکاندا ٧٪ە، بەڵام لە ناوچە شیعەنشینەکاندا لە نێوان ١٪ تا ١/٣٪ە ... گوندێکمان هەیە کە لە رابردوودا ٦٥٪ی لە شیعەکان و ٣٥٪ی لە سوننەکان پێك هاتبوو، بەڵام هەنووکە ٨٦٪ی حەشیمەتی ئەم گوندە لە سوننەکان پێك دێت".

ئەو هەروەها کۆچکردنی سوننەکان بۆ شارە شیعەکانی وەك گورگان، رەشت، مەشهەد، بیرجەند، کرمان و ... بە هەڕەشەیەکی گەورە و هۆکاری گۆڕینی پێکهاتەی حەشیمەت ناو دەبات.

ئەم مامۆستای زانکۆیە هەروەها بە هێنانەوەی نموونەیەك لە یەکێك لە شارۆچکەکانی مەشهەد دەڵێ: "قوتابخانەی مامناوەندیی کچانی ئەم شارۆچکەیە لە ٨٠٪ شیعە و ٢٠٪ سوننە پێك هاتووە، بەڵام قوتابخانەی سەرەتایی کچانی ئەم شارۆچکەیە لە ٨٠٪ سوننە و ٢٠٪ شیعە پێك دێت".

ناوبراو هۆکاری ئەم جیاوازییە دەگەڕێنێتەوە بۆ ملکەچبوونی شیعەکان بەرامبەر بە سیاسەتەکانی پێشووی حکوومەت لە پێوەندی لەگەڵ کۆنترۆڵی زاوزێ و لە بەرانبەردا، پڕوپاگەندەی زانا ئایینییەکانی سوننە (و پشتیوانییەکانی وڵاتانی وەك عەرەبستان) لە نێوان سوننەکانی ئێراندا بۆ زیادکردنی حەشیمەتییان.

یەکێك لە خوێنەرانی ئەم ماڵپەڕە بە راشکاوی رەخنە لە رەوتی چوونەسەری حەشیمەتی کوردەکان لە شارەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا و هەڕەشە سیاسییەکانی ئەو رەوتە بۆ سەر ڕێژیم دەگرێت.

بەڵام وتەکانی ئایەتوڵڵا مەکارم شیرازی، یەکێك لە مەرجەع تەقلیدە دەستڕۆیشتووەکانی سەر بە دەسەڵات لە رۆژی پێنجشەممە ٢٥ی رەزبەری ١٣٩٢ لە کۆنگرەی نێودەوڵەتیی ئیمام سەججاد لەم پێوەندییەدا زیاتر لە هەموان جێگەی سەرنج و تێڕامانە.

ناوبراو بە دەربڕینی نیگەرانی لە چوونەسەری حەشیمەتی ئەهلی سوننەت لە ئێراندا دەڵێ: "هەنووکە لە دەوروبەری مەشهەد دەبینین کە ئەهلی سوننەت خەریکی کڕینی ماڵ و زەوی لە شیعەکانن تاکوو ڕێژەی حەشیمەتی خۆیان بەرز بکەنەوە". ئەو هەروەها دەڵێ: "ناوەندی سەرەکیی شیعە لە ئێستادا ئێرانە، هەر بۆیە ئەوان کەوتوونەتە بەربەرەکانێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و لەم پێوەندییەدا، یەکێك لە بەرنامە سەرەکییەکانیان گۆڕینی پێکهاتەی حەشیمەت و زیادکردنی ڕێژەی حەشیمەتی ئەهلی سوننەتە".

مەکارم شیرازی بە بێ هیچ چاوپۆشی و پارێزکارییەکی سیاسی، راشکاوانە بوونی سوننەکان لە ئێراندا بە کێشە و تەنگژە دەزانێ و دەڵێ بەرپرسانی ئاگادار کردۆتەوە کە ئەگەر ئەمڕۆ چارە ئەندێشەیەك بۆ چارەسەری ئەم کێشانە نەکەن، رەنگە کار بگاتە شوێنێك کە ئیدی هیچیان لەدەست نەیەت.

ئەگەرچی لە وتەکانی ئەم ئاخوندە حکوومەتییە و ئەوانی دیکەدا، بە رواڵەت ناوێك لە نەتەوە ستەملێکراوەکان و تۆقانی ڕێژیم لە رەوتی چوونەسەری حەشیمەتی ئەوان نەبراوە، بەڵام ئاماژەکانیان بۆ بەلووچستان، خۆراسان و تورکەمەن سەحرا، کوردستان و ئەهواز وەکوو ئەو ناوچانەی کە تێیاندا ڕێژەی حەشیمەتی سوننەکان (کە زۆرینەیان لە نەتەوە بندەستەکانن) روو لە زیادبوونە، دەرخەری ئەوەیە کە فاشیزمی ئایینی و ئاپارتایدی ئیتنیکی و نەتەوەیی لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ هاندانی هەموان (و لە راستیدا هاندانی باوەڕمەندانی ئایینزای فەرمی و نەتەوەی باڵادەست) لەمەڕ زیادکردنی حەشیمەت و گەیاندنی حەشیمەتی ئێران بە ١٥٠ میلیۆن کەسە.

بۆ سەلماندنی ئەو راستییە کە هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ زیادکردنی حەشیمەت، نەك هەوڵێکی گشتگیر و سەرانسەری، بەڵکوو تەنیا پیلانێك بۆ راگرتنی باڵادەستیی نەتەوە و ئایینزای دەسەڵاتدار وەکوو دوو کۆڵەکەی تەناهیی نەتەوەیی و لە راستیدا مانەوەی ڕێژیمە، دەتوانین هەر لە وتەکانی ئەم مەرجەع تەقلیدە بەناوبانگە نموونە بێنینەوە:

مەکارم شیرازی کە بە راشکاوی چوونەسەری ڕێژەی حەشیمەتی هێندێك لە پێکهاتەکانی خەڵکی ئێران بە هەڕەشەیەك بۆ سەر تەناهیی نەتەوەیی دەزانێت، لە شوێنێکدا دەڵێ: "تەنانەت ئەگەر یەك ریاڵیش بۆ پەرەپێدانی بنەماکانی قوتابخانەی ئەهلی بەیت خەرج بکرێت، لە راستیدا یارمەتیدان بە تەناهی و سەقامگیریی نیزامی ئیسلامییە".

ئەوە بەو واتایەیە کە مەکارم و هاوبیرەکانی لە کۆماری ئیسلامیدا (کە خامنەیی و لایەنگرانیشی لەو ریزەدان) پەرەپێدانی ئایینزای شیعە (و بەو پێیەش چوونەسەری حەشیمەتی باوەڕمەندانی ئەم ئایینزایە) بە فاکتەرێکی ئەرێنی و هەوێنی پاراستن و مانەوەی خۆیان دەزانن و لەم پێوەندییەشدا باوەڕیان بە پێویستیی کەمکردنەوەی حەشیمەت و زاوزێ و لە ئەنجامیشدا پاکتاوی رەگەزیی جیابیران و باوەڕمەندانی ئایینزاکانی جیاواز لە ئیدئۆلۆژیی فەرمیی دەسەڵاتە، هەر بۆیە دەتوانین بە روونی تێنوێتیی ئەوان بۆ ژینۆساید و بنەبڕکردنی کەسانی ناهاوچەشن لەگەڵ خۆیان، لە دووتوێی گوتار و لێدوانەکانیاندا ببینینەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی بنچینەیی ئایینزا و زمانی فەرمی لە ئیدئۆلۆژیی ئایینی ـ رەگەزیی کۆنەپەرەستانی زاڵ بە سەر ئێراندا کە خاڵی هاوبەشی ئەوان لەگەڵ شۆڤێنیستە ئێرانییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتە، دەتوانین تێ بگەین کە سیاسەتی یەکدەستکردنی حەشیمەت لە ئێراندا، پاش چەندین دەیە هەوڵ و پلانداڕێژی و سەرکوت و نکۆڵیکاری گەیشتۆتە بنبەست و شوناسەکانی جیاواز لە خوێندنەوەی ئیدئۆلۆژیکیی دەسەڵات، هەنووکە بوونەتە لەمپەرێکی راستەقینە لە بەرانبەریدا، بە جۆرێك کە لە بەرزترین تریبۆنەکان و لە لایەن کاربەدەستانی باڵای دەسەڵاتەوە راشکاوانە باس لە پێویستیی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی پێوەندیدار بە حەشیمەت بۆ بەرەنگاربوونەوەیان دەکرێت.

> **لایەنی شاراوەی ئامانج و مەبەستەکانیان لە راستیدا هەڵقوڵاوی تۆقانی ڕێژیم لە گۆڕانی پێکهاتەی حەشیمەت بە قازانجی کەمینە ئایینییەکان و نەتەوە بندەستەکانە**

## جووت حەوت

### هەوراز

محەمەد موحەمەدی، سەرۆکی دەزگای نوێنەرایەتیی وەلی فەقیە لە زانکۆکاندا گوتی:" شۆڕشی ئیسلامی، شارستانیەتی رۆژئاوای تەریك خستۆتەوە و "گەلسالاری دینی" تاقە جێگرەوە بۆ شارستانیەتی رۆژئاوایە".بە پێی راپۆرتی "دۆشاو نیوز" بڕیارە بۆ یارمەتیدانی رۆژئاواییە دواکەوتووەکان و دەرباز کردنییان لە گەمارۆی شۆڕشی ئیسلامی، خولێکی نەرمشی قارەمانانە بە مامۆستایەتی حەسەن رووحانی و هەروەها ورکشۆپێك بۆ فێربوونی چۆنیەتیی هەڵقوڕاندنی کاسەی ژەهر لە لایەن مەلا عەلی خامنەییەوە بەڕێوە بچێت. بەشداریی لەم خولانەدا بۆ هەموو رۆژئاواییەکان بە خۆڕایی و بۆ ئۆباما و ئۆلاند و مێرکل و کامێرۆن ئیجبارییە.

شایانی باسە پێشتر خومەینی مـوژدەی دابـوو پـاش رووخانی سۆڤێتی کۆمونیستی، ئەو وڵاتە ببێتە کۆماری ئیسلامیی سۆڤێت و میخاییل گورباچۆف تاج و تەختی خۆی رادەستی ئایەتوڵڵا جەوادی ئامولی بکات و بۆ خۆی ببێتە حەوزەی علمییەی قوم ئاوی زەل بدات. مەهدی کووچكزادە، نوێنەری مەجلیس گوتوویە:" دانووستانەکانی ژێنێف هیچی لە سولحی ئیمام حەسەن ناچێت... چۆن دەبێ یەزید و ئیمام لەسەر مێزێك وتووێژ بکەن". هەڵبەت نازانم ئەم شوبهاندنە چۆنچۆنی بوو، بەڵام زۆر لە مەسەلەکەی "خەسەن و خسێن هەرسێکیان کچی موعاویە بوون" دەچێت.

کاکی خۆم! خۆت یەکلایی بکەرەوە! دەتهەوێ ئیمام حەسەن بیت یان ئیمام حسێن؟ ئەگەر ئیمام حەسەن بیت، زۆر چاکیش دەتوانی وتووێژ بکەی، بەڵام لەگەڵ موعاویە، نەك لەگەڵ یەزید.

پاشانیش چۆن دەبێ خۆتان بە حسێن بزانن و لایەنی بەرامبەرتان بە یەزید؟ ئەوەش لە حاڵێکدا کە بە هەڵکەوت، ناوی دوژمنەکەتان (ئۆباما) حسێنە نەك یەزید، ناوی سەرۆك کۆماری ئێوەش (دیسان بە هەڵکەوت) حەسەنە، نەك حسێن. کەوابوو باشتروایە لەو باسە گەڕێن و لە کۆڵی مێژوو ببنەوە.

مورتەزا ئاغا تێهرانی، سکرتێری جبهەی پایداری گوتوویەتی:" ئەحمەدینژاد رۆژی یەکەم باش بوو، رۆژی دووهەم کەوتە لەقەلەق، رۆژی سێهەم داکەوت".

هەڵبەت درووستر وابوو بڵێ:" ئەحمەدینژاد رۆژی یەکەم کلۆر بوو، رۆژی دووهەم کرمۆل بوو، رۆژی سێهەم بە زبری ددانساز و عەسەب کێشان و پڕکردنەوە رامان گرت، رۆژی چوارەم چڵکی کرد و پۆرتی داڕزاندین، رۆژی پێنجەم کاتێك کە ددانساز بۆی کێشاین، هەر سێ و دوو ددانمانی لەگەڵ خۆی هەڵکەند."

# روانینی یاسا نێونەتەوەییەکان بۆ پرسی کەمینەکان

و: ئیبراهیم بەرزگەر

## بەشی یەکەم

.. پێشەکی:

سەرەنجدان بە مافی کەمینەکان لە نیگەرانییە لەمێژینەکانی بزووتنەوەی مافی مرۆڤ بووە. ئەوەی گومانی تێدانیە، یەکەم ئەوەیکە مافی مرۆڤ بوونی هەیە، دووهەم حکوومەتەکان لە سێ روانگەوە خۆیان پابەند بە رەچاوکردنی یاساکانی مافی مرۆڤ دەزانن:

**الف) بۆ پاراستنی بەردەوامبوونی سیاسیی‌و رەوایی نێوخۆیی**

**ب) بۆ ئەنجامدانی ئەو بەڵێنانەی کە بە هۆی یاسا نێوخۆییەکان و بەشێوەیەکی سەرەکی یاسای بنەڕەتییەوە، لە ئەستۆی دەوڵەتاندایە.**

**ج) بۆ ئەنجامدانی ئەو بەڵێنانەی کە بە هۆی پابەندبوون بە یاسای نێونەتەوەییەوە، دەوڵەتەکان قەبوڵیان کردووە.**

ئەم پرسە هەمان چەمکی "بنەجێ‌کردنی دەسەڵات لە رێگەی یاسا"یە کە دەبێتە هۆی ئەوەیکە پابەندبوونی یاسایی وڵاتێك، جێگیربوونی دەسەڵات و کۆمەڵێك بەربەستی لێ بکەوێتەوە کە بەسەر هەوڵە بانیاساییەکانی دەوڵەتەکاندا تەشەنە دەکا. یان "خۆبەرتەسك کردنەوەی خۆویستانە" بە گوێرەی یاسای نێونەتەوەیی، وەکوو بەڵێنگەلێك کە دەوڵەتێك لە بەرانبەر دەوڵەتانی دیکە و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی وەئەستۆی دەگرێ و لە ئەنجامدا دەسەڵاتدارێتی خۆی سنووردار دەکا. لە بواری یاسای نێونەتەوەییشدا کە ئەمرۆکە زیاتر بەرەو ئەوە دەچێ تاکەکان راستەوخۆ بە بەشێك لە بابەتەکانی خۆی بزانێ ـ بەتایبەت لە بابەتەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ ـ دەتوانرێ بانگەشەی ئەوە بکرێ کە پێویستی رەچاوکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن دەوڵەتەکانەوە وەکو پرەنسیپێك لە یاسای نێونەتەوەییدا خۆی دەرخستووە. هەڵبەت لەم نێوەدا نابێ پەیماننامە نێونەتەوەییەکان لەبیر بکرێ.

لە کۆی تایبەتمەندییەکانی پرسی مافی مرۆڤ، فرەچەشنی بابەتەکان و زۆربوونی بەڵگەنامەکانی کە لە لایەنە جۆراوجۆرەکاندا دەردەکەوێ، دەوڵەتەکان لە لایەنگەلی جۆراوجۆرەوە ناچارن بە پێی پابەندبوونە نێوخۆیی و نێونەتەوەییەکانەوە سەبارەت بە رەچاوکردنی مافەکانی سەرجەم هاووڵاتیان، بەتایبەت گرووپە جۆراوجۆرە مرۆییەکان کە بە گوێرەی لایەنە تایبەتەکانەوە پێویستییان بە سەرنجی تایبەت هەیە، وەکو منداڵان، ژنان، کرێکاران، کەمینە نەتەوەیی و ئایینی و سیاسییەکان، لەمەڕ رەچاوکردنی وردی پێوەرەکانی مافی مرۆڤدا دەستپێشخەری بکەن و لە ئەگەری پێشێلکردنی هەرکام لەم خاڵانەدا، دەوڵەتەکان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی نێوخۆیی، ناوچەیی یان نێونەتەوەییدا، رووبەڕووی ململانێ و گیروگرفت دەبنەوە.

ئەمرۆکە سەرنجدان بە کەمینەکان لە دوو رووەوە ئاوڕی لێ‌دراوەتەوە:

**١. لە رووی رەچاوکردنی مافە مرۆییەکان و نەبوونی هەڵاواردن لە بەهرەمەندبوون لە ماف و ئازادییە بنەڕەتی و رەواکاندا.**

**٢. لە رووی مافی بەهرەمەندبوون و پاراستنی شوناسی ئێتنیکی، زمانی و ئایینی خۆیاندا.**

گرینگی مافی مرۆڤ و کۆکردنەوەی پەیمانە جۆراوجۆرەکان بە چەشنێکی گشتگیر، بۆتە هۆی ئەوەیکە دەوڵەتان ناچار بە رەچاوکردنی وردی ئەم پێوەرانە بن.

### بەشی یەکەم: پێناسە جۆراوجۆرەکان و چەمکی کەمینە

#### الف ـ پێناسە جۆراوجۆرەکانی کەمینە

سەبارەت بە پێناسەی کەمینە، روانگەی جۆراوجۆر هەیە. لەمەڕ چەمکی کەمینە پێناسەیەکی یەکدەست بوونی نیە کە جێی پەسەندی سەرجەم بیرمەندان و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان بێ و هەروەها هەوڵێکی زۆر لە لایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و دامەزراوەکانی، بۆ خستنەڕووی پێناسەیەکی وردو تۆکمە بۆ کەمینە دراوە، بەڵام سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە.

لە یادداشتێکدا کە لە لایەن سکرتێری گشتیی ئەوکاتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە رێکەوتی ٢٧ی دێسامبری ١٩٤٩دا نووسراوە، هاتووە: "لەگەڵ ئەوەیکە لە روانگەی زانستییەوە، بە زەحمەت دەتوانرێ پێناسەیەکی بەڕاستی وردو دەقیق لە چەمکی کەمینە بخرێتە روو... بەڵام لەڕاستیدا ئەمرۆکە چەمکی کەمینە زۆربەی کاتەکان بە واتایەکی بەرتەسکتر بەکار دەبردرێ، هەنووکە باوە کە لەم چەمکە بەشێوەی گشتی بۆ دەستەیەکی تایبەتیی لە کۆمەڵ، کەڵك وەردەگیرێ کە لەو گرووپە زاڵەی کە لە وڵاتدا دەژی، جیاکراونەتەوە."

بەڵام لە چوارچێوەی زانستە سیاسییەکاندا هێما بۆ جڤاك گەلێك کراوە کە خاوەنی هەندێ نیشانەی تایبەتی (ئێتنیکی، زمانی، کولتوری، ئایینی‌و هتد) ن.

لە پێناسەیەکی دیکەدا کە لە لایەن کۆمیسیونی لاوەکی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە لەمەڕ کەمینەکان خراوەتەروو، هاتووە کە: ".... گرووپێك کە لە رووی چەندایەتییەوە لەچاو دانیشتوانی دیکەی وڵات لە دۆخێکی "غەیرە حاکم" دان و ئەندامەکانی لە روانگەی ئێتنیکی، زمانی یان ئایینی خاوەنی تایبەتمەندیگەلێکن کە لەگەڵ دانیشتوانی دیکەی وڵات جیاوازن و بە تایبەت و بە شێوەی بەردەوام خاوەنی جۆرێك هەست و سۆزی هاوپێوەندیین کە لە رێگەی ئەوەوە پارێزگاری لە کولتوور، داب و نەریت، ئایین و زمانەکەیان دەکەن."

هەروەها سەبارەت بە کەمینە لە "فەرهەنگنامەی بریتانیکا ٢٠٠٤ (Britannica) پێناسەی جۆراوجۆر خراوەتە ڕوو.

بەشێك لەم پێناسانە بریتین لە:

" گرووپێکی دیاریکراو کە لە رووی نیژادی، کولتووری و ئێتنیکییەوە لەگەڵ گرووپی زۆرینەی حاکمدا دەژین."

لە پێناسەیەکی دیکەی کەمینە لە بریتانیکادا هاتووە:

"چەمکی کەمینە کە لە زانستە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا کەڵکی لێ وەردەگیرێ، بریتیە لە: گرووپێکی کەمتر لە تاکەکانی کۆمەڵگا کە لە رووی ناچارییەوە لەگەڵ گرووپی زۆرینە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین، ئەم گرووپە کەمینەیە زۆر گیرۆدەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان نین و هەروەها لە ئیمتیاز و جیاوك گەلی یەکسان لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگا بەهرەمەند نابن. سەرباری ئەوەش گرووپی کەمینەی کۆمەڵگا لە رووی دەسەڵاتی سیاسییەوە لاوازتر لە گرووپی زۆرینەی کۆمەڵگان."

"پاتریك ترنبری" نووسەری کتێبی "یاسای نێونەتەوەیی و مافی کەمینەکان"، کەمینە بە گرووپێك دەزانێ کە لە دەسەڵاتدا بەشدار نەبێ و لە رووی ژمارەوە کەمتر لە دانیشتوانی دیکەی وڵات بێ، لە هەمان کاتدا ئەندامەکانی، هاووڵاتی ئەو وڵاتەن و تایبەتمەندی جیاوازی ئێتنیکی، ئایینی یان زمانییان لەگەڵ دانیشتوانی دیکەی وڵاتدا هەیەو خاوەنی چەشنێك هەستی یەکگرتوویی بەرژەوەندیی و هاوپێوەندی لە راستای پاراستنی کولتوور، داب و نەریت، زمان و ئایینی خۆیانن.

لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە: "کەمینە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و ئەگەر گرووپێك لە رووی ئێتنیکی، نەتەوەیی، ئایینی یان زمانی لەگەڵ گرووپەکانی دەسەڵاتدار جیاواز بێ، بە کەمینە دانانرێ. کەمینە بە گرووپێك لە هاووڵاتییانی وڵاتێك دەوترێ کە لە رووی نەتەوەیی، ئایینی، نیژادی و زمانی لەگەڵ گرووپەکانی دیکەی خەڵك جیاوازە و لە رووی ژمارەوە کەمتر و دەسەڵاتی حکومەتی لە دەستدا نیە."

لە پێناسەیەکی دیکەی کەمینەدا لە کتێبی فەرهەنگی زانستە سیاسییەکاندا هاتووە: "کەمینە لە یاسای نێونەتەوەییدا بە گرووپێك لە خەڵك دەوترێ کە خاوەنی نیژاد، کولتوور، ئایین و داب‌ونەریتی جیا لە فەرهەنگ‌و ئایینی ئەو وڵاتەن کە تێیدا دەژین. ماف و جیاوکە کۆمەڵایەتی، ئابووریی و سیاسییەکانی کەمینە زۆرجار لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتاندا هێمای بۆ دەکرێ. لە وڵاتانێك کە زیاتر خەریکی سیاسەتی هەڵاواردنی نیژادین، پرسی کەمینەکان کێشەیەکی سەرەکی نێوخۆیی پێکهێناوە و هەندێ جاریش لایەنی نێونەتەوەیی بەخۆیەوە دەگرێ."

**کەمینە لە یاسای نێونەتەوەییدا بە گرووپێك لە خەڵك دەوترێ کە خاوەنی نیژاد، کولتوور، ئایین و داب‌ونەریتی جیا لە فەرهەنگو ئایینی ئەو وڵاتەن کە تێیدا دەژین**

#### ب ـ چەمك و نیشانەکانی کەمینە (Minority)

بە سەرنجدان بەو پێناسانەی کە لە کەمینە کراوە، دەتوانرێ نیشانەکانی چەمکی کەمینە بەم شێوەیەی خوارەوە ریز بکرێ:

١. کەمینە لە رووی ژمارەوە کەمتر لە گرووپەکانی دیکەی کۆمەڵگایە کە لە دەسەڵات دان.

٢. کەمینە لە حاکمییەتدا پشك و رۆڵێکی نیە و لە پێکهاتەی دەسەڵات و دەسەڵاتی سیاسیدا دەستێوەردانێکی نیە.

٣. کەمینە لە رووی نیژادی، نەتەوەیی، کولتووری، زمانی یان ئایینی لەگەڵ هەیئەتی دەسەڵاتدار جیاوازی هەیە.

کەمینەکان دەتوانرێ لەرووی چۆنایەتیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایینی، نەتەوەیی، ئابووریی، ناوچەیی، جیهانی، نیژادی، حەشیمەت و هتد دابەش بکرێ. بەڵام گرینگترین خاڵ کە لە تەواوی بابەتەکانی مافی مرۆڤدا دەتوانرێ وەك نموونەیەکی گشتگیر باسی لێوە بکرێ، کەمینە ئێتنیکی و ئایینییەکانە کە رادەی حەشیمەتی ئەوان و هەروەها بەستراوەیی و هاوپێوەندی ئەوان لەگەڵ هاودین یان هاونیژادەکانیان لە وڵاتانی دیکە لە چوارچێوەی بابەتەکانی مافی مرۆڤدا باسیان لێوە دەکرێ.

لەبنەڕەتدا ئەم کۆمەڵە خەڵکە کە لە کەمینەدان بە جۆرێك ئینتمای مەعنەوییان بە زۆرینەیەك هەیە و لەم رێگەیەوە بە شێوەی جۆراوجۆر پشتیوانییان لێ‌دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پشتیوانییە کە زیاتر بەشێوەی مەعنەوی و دیپلۆماتیك خۆی دەردەخا، هێندێ‌جار پشتیوانی ئۆرگانەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤیش هاوشانی سیاسەتەکانی ئەم دامەزراوانە دەبینرێ.

### بەشی دووهەم: قەوم و کەمینە ئێتنیکی و نیژادی و ئایینییەکان

ئەمرۆکە کەمتر دەوڵەت و وڵاتێك بوونی هەیە کە هەموو تاك و هاووڵاتییەکانی لە نیژادێك بن و خاوەنی ئایین و زمانێکی یەکدەست و یەکسان بن. لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا زۆرینەیەك بوونی هەیە کە لە رووی زمان، ئایین، نەتەوە، کولتوور و مێژوو خاوەنی کۆمەڵێك خاڵی هاوبەشن. لەم وڵاتانەدا گرووپ گەلێکی بچووکتریش بوونیان هەیە کە لە پرسە ئایینی، زمانی، کولتوریی و مێژووییەکاندا تایبەتمەندی هاوبەشی خۆیان هەیە. هەروەها بابەتی رەچاوکردنی مافی کەمینەکان و نەبوونی هەڵاواردن لەنێوان کەمینە و زۆرینەدا جێی سەرنجی نەتەوە و دەوڵەت و رێکخراوە نێونەتەوەییەکان بووە و لەسەر ئەم‌بنەمایە کۆمەڵێك رێساو ئاسانکاریی بۆ رەچاوکردنی مافی کەمینەکان و دابینکردنی تەناهی و ژیانی ئاشتیخوازانەی نەتەوە جۆراوجۆرەکان لەبەرچاو گیراوە. لە جیهانی ئەمرۆکەدا هێندێ‌جار شایەتی تێکهەڵچوونی توندوتیژانە، دوژمنکارانە و وێرانکەری گرووپە جۆراوجۆرەکان یان هەوڵگەلی پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن گرووپی زۆرینە دژی کەمینە بۆ پاکتاوکردنی ئێتنیکی کەمینەکان بووین. هەربۆیە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ پرسی کەمینەکان، پێویستە ناسینێکی کورتمان لەوان هەبێ.

کەمینەکان بەپێی جۆری روانین لە پرسەکانیان بۆ سەر گرووپ گەلی جۆراوجۆر دابەش دەبن:

**١. کەمینەی ئێتنیکی: گرووپێکی مرۆییە کە کولتووری تایبەت بەخۆی هەیە.**

**٢. کەمینەی نیژادی: گرووپێکی مرۆییە کە لە رووی نیژاد و رەچەڵەکەوە لەگەڵ گرووپی زۆرینەی کۆمەڵگادا جیاوازی هەیە.**

**٣. کەمینەی ئایینی: گرووپێکی مرۆییە کە لە رووی داب ونەریت و بۆچوونی ئایینییەوە لەگەڵ گرووپی زۆرینەی کۆمەڵگادا جیاوازە.**

گرووپێکی کەمینە لەیەك‌کاتدا دەتوانێ هەڵگری تەواوی لایەنە ئێتنیکی، نیژادی و ئایینییەکان بێ. لەم کاتەدا دەبێ سەرجەم رێساکانی پێوەندیدار بە کەمینەکان بە نیسبەت ئەوانەوە بەڕێوەبچێ. گرینگترین ململانەیەك کە لەم بارەوە لە ئارادایە، ئەوەیە کە کەمینە ئێتنیکی، نیژادی و ئایینییەکان خوازیاری بەرابەری و یەکسانی تەواو لەگەڵ هاووڵاتیانی دیکەی کۆمەڵگادان.

### بەشی سێهەم: پێشینەی مێژوویی پرسی کەمینەکان

بە تاووتوێ‌کردنی کتێبە مێژووییەکان دەتوانرێ ئیدیعا بکرێ کە پرسی کەمینەکان لە رووی مێژووییەوە بۆ سەردەمی کەونارا دەگەڕێتەوە. کاتێك کە کوروش لە ساڵی ٥٣٨ی پێش زایین شاری بابلی گرت و چووە نێو ئەم شارە، فەرمانی ئازادیی ئەو نەتەوانەی دەرکرد کە لە ژێردەسەڵاتی بابلییەکاندا بوون.

پرسی کەمینەکان بەرەبەرە بەدرێژایی مێژوو لایەنگەلی جۆراوجۆری وەك نەتەوەیی، نیژادی و بەتایبەت ئایینی لە سەرەتای سەدەکانی نێوەڕاستدا بەخۆیەوە گرتووە، بەڵام سەرەڕای ئەم پێشینە دووروودرێژە، لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا پرسی کەمینەکان کەوتە بەر سەرنجی یاسای نێونەتەوەییەوە.

رێسا جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ و گرووپە جیاوازە مرۆییەکان، پێش شەڕی جیهانی یەکەم کۆکرایەوە و پەسەند کرا کە بە جۆرێك هێمای راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بە پرسی کەمینەکان کردووە.

پاش شەڕی جیهانی یەکەم لە پەیماننامە گشتی و تایبەتییەکاندا بۆ پشتیوانی نێونەتەوەیی مافی کەمینەکان، بنەماو رێساگەلێکی نوێ پەسەند و دانران و ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتان دەروەست بوون تاکوو لەمەڕ کەمینە نیژادی و زمانی و ئایینییەکانی دانیشتوی چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیان هەڵسوکەوتێکی یەکسانیان لەچاو هاووڵاتیانی دیکەی خۆیان هەبێ.

لەگەڵ پێکهاتنی کۆمەڵەی گەلان، پرسی کەمینەکان لە ئاستی کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا هاتەئاراوە. تەنانەت لە سەرەتادا بڕیار وابوو کە پەیماننامەی کۆمەڵەی گەلان بەشێکی بۆ دابینکردنی مافی کەمینەکان تەرخان بکا، بەڵام ئەم گەڵاڵەیە بە سەرنجدان بە دژایەتی هێندێ لە دەوڵەتەکان، رەتکرایەوە.

سەرەڕای پەسەند نەکرانی ئەم گەڵاڵەیە لە پەیماننامەی کۆمەڵەی گەلان، هیچ کات پرسی کەمینەکان لەبیر نەکراو لە بەشێك لە پەیماننامەکانی ئاشتی وەکو "بەڵێننامەی ئاشتی سێن ژێرمن" کە رێکەوتی ١٠ی سێپتامبری ١٩١٩ لەنێوان دەوڵەتی ئۆتریش و هاوپەیمانەکان مۆرکرا یان "بەڵێننامەی نویی ـ Nouei" کە لە رێکەوتی ٢٧ی نوامبری ١٩١٩ لەگەڵ بۆڵغارستان بەسترا، هێماگەلی بۆ کەمینەکان و بارودۆخیان کرا. بەڵام لەم رووەوە کە ئەم بەڵێننامانە بەگشتی نە خواستی کەمینەکانی دابین دەکرد و نە رەزامەندی دەوڵەتانی بۆ لای خۆی رادەکێشا، ئەوندە درێژەی نەبوو.

بەڵام پاش شەڕی جیهانی دووهەم و پێکهاتنی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، سەرەڕای ئەو چاوەڕوانییانەی کە لەم رێکخراوە تازە دامەزراوە سەبارەت بە پرسی کەمینەکان هەبوو، هیچ چەشنە هەوڵێکی نوێ لەم پێوەندیەدا نەدرا.

لەمەڕ پرسی کەمینەکان لە ساڵی ١٩٢٩ی زایینیدا، کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی گەورە لە شاری پاریس پێکهات و سەرەڕای هەوڵێکی زۆر کە بۆ دیاریکردنی شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ بیانییەکان درا، ئەنجامێکی ئەرێنی وەدەست نەهات. بەڵام ساڵی ١٩٩٣ "کۆنوانسیونی پشتیوانی لە کەمینە ئێتنیکی و فەرهەنگییەکان" پەسەند کرا کە لە رێساکانیدا پێوەرگەلی جێی پەسەند و شیاو بۆ توێژە جۆراوجۆرەکانی کەمینە ئێتنیکی، نیژادی و ئایینییەکان دانرا.

**کۆتایی بەشی یەکەم**

**درێژەی هەیە...**

# ئیسلامخوازەکان دوای مەشرووتە، لە ئێراندا

ن: پەرویز جەباری
و: حاجی تاوە

**بەشی یەکەم**

شۆڕشی مەشرووتە یان بە واتایەکی دیکە "بزووتنەوەی مەشرووتە لە ئێراندا" بە هەموو ڕەنگ و ڕووی ئێرانی، ڕۆژهەڵاتی و هەروەها لێکدانەوە جۆراوجۆرە ئایینیەکان کە لە لایەن سەرپەرشتیارەکانی دین و لە سەر بنەمای کەمتێگەیشتن، دوژمنی و بەرژەوەندییە شەرعییەکان بەسەریدا داسەپا، هەنگاوی بەرزی ئێرانییەکان بۆ ڕزگاریی بوو. بەڵام بە هەموو ئەمانەیشەوە جێگەی حاشا لێکردن نەبووە و نییە کە دامەزراوە فیکری، مەعرەفەتی، کۆمەڵایەتی، یاسایی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی لە بیرۆکەی مودێرنیتە و گۆڕانکارییە فیکری و پیشەسازییەکانی سەدەی ١٨ و ١٩ی ئورووپاوە وەرگیراو بوو. بەڵام لە سەر بنەمای ڕادەی تێگەیشتوویی خەڵك و بەرداشی وتەبێژان و بەڕێوەبەرانی ئەو کات، بۆ گۆڕانکاری و ڕووخانی سیستمی کۆن و دواکەتوو لە ئێرانی کۆتاییەکانی سەردەمی قەجەرییەکاندا، زۆریەك لە ئاکام و پێشهاتەکانی ئەو وەکوو بیچمگرتنی دامەزراوە یاسایی، سیاسی، فێرکاری و مەدەنییەکان وەرگیراو لە ئەزموون و ڕەوتی نوێی شارستانیەتی ڕۆژئاوا بۆ کۆمەڵگای هاوچەرخی خۆی بوو. بەم جیاوازییە بنەڕەتییە کە، ئەم دامەزراوانە و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی ـ سیاسیەکان، ڕۆژئاوای گەیاندە شوێنی مەبەست. یان لە ڕێگە و خولگەی



دروست بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست جێگیری کرد. بەڵام ئێرانییەکانی تووشی سەرلێشێواوی، ناکامی، قەیران و بێ شوناسی کرد. قەیران و بێ شوناسیەك کە لە نێوان کەلێنە گەورەکانی وەك نەریت ـ مودێرن، دەوڵەت ـ نەتەوە و ئایین ـ دەوڵەت، دیل و سەرقاڵ کرد. زۆریەك لە خاوەنڕا و لێکۆڵەرانی پرسی ئێران، هۆکارگەلێکی جۆراوجۆریان بۆ ناکامیی و یان شکستی مەشرووتە هێناوەتەوە. تا شوێنێك کە ئەم هۆکارانە زۆریەك لە بابەتگەلی پێکهاتەیی، فەرهەنگی، فێرکاری، ئابووری، سیاسی، نێوخۆیی و دەرەکی لە خۆدەگرێ. بۆ هەرکام لەم هۆکارانە، بۆچوون، ڕوانگە و لێکدانەوەی تایبەتیشیان هەیە. کە بێگومان لە زۆریەك لە بابەتەکاندا دەتوانرێ

حەقیقەتەکانی ئێرانی سەردەمی مەشرووتە لە نێو ئەواندا دووبارە دەسنیشان بکرێت و لە ناکامی ئەم جووڵە گەورە و مێژووییە بۆ ڕزگاریی و ئازادی ئێرانییەکان لە " سەرەڕۆیی سیاسی و دیلبوونی ئایینی" باشتر تێبگەین. لە بنەڕەتدا و لە سەربنەمای خوێندنەوە و شرۆڤەی لایەنە جۆراوجۆرەکان، دەتوانرێ ئەو بەربەستانەی کە بوونە هۆی سەرنەکەوتن و پێشڤەچوونی مەشرووتە لە هەموو بوارەکاندا بە پێکۆڵ بکێشرێت، نە مەشرووتە و بیرۆکەی پێشکەوتن و گۆڕانخوازیی مەشرووتە. کاتێك کە بە پێگەی فیکری، خاڵی دەسپێك، بونیادە فیکرییەکان، داواکارییەکان و ئامانجەکانی بزووتنەوەی مەشرووتە باسی لە سەر دەکرێ، بە سانایی و زۆر ڕوون دەتوانرێ لەم ڕێگەوە دوژمنەکانی بناسینەوە و لە پیلان و تۆڵەسەندنەکانی ئەوان لە درێژەی وەرچەرخانە کۆمەڵایەتی ـ سیاسییەکانی سەد ساڵی ڕابردوودا، لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا تێبگەین. مەشرووتە بە هۆی گرینگیەکەی، بەربڵاویی و کاریگەریی بەجێماوی ئەو لە سەر بزووتنەوە ئازادیخوازییەکان، دادپەروەری، هاوارە دێموکراتیکان لە ئێراندا، هەروا سەر زیندوو و چالاك لە کۆمەڵگادا و لە نێو هێزە سێکۆلار، دێموکراتیك و پێشکەوتوو بوونی هەیە، چوونکە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ئەمە خاڵی دەسپێك و سەرەتای جووڵەی ئێرانییەکان، لە ناوچەکان و بڕگە مێژووییە جۆراوجۆرکان بۆ بەشداریی لە دەسەڵاتی سیاسی و ڕۆڵ وەرگری لە چارەنووسی خۆیاندا

بووە. مەشروتییەت لە هەر چوارچێوەیەك بۆ ئەم خەڵکە، ڕووبەڕووبوونەوە بۆ گۆڕان و ئاڵوگۆر لە چەمکەکانی کۆمەڵایەتی، بیاڤی دەسەڵاتی سیاسی، بازنەی سیاسی و بیروباوەڕی دەسەڵاتدارەکان بە تایبەت سیستمی پاشایەتی، دەربار، شا، دامەزراوەی ئایینی، ئاخوندەکان و گوێڕایەڵانی سیستمی دەسەڵات دێنێتەوە یاد. چوونکە خەڵك لە هەموو ئێران کە بەردەوام" دەسەڵاتی سیاسی بە بەشداریی ئایین" بە سەریاندا داسەپاوە. وەکوو کویلەگەلێك، بێ ئیرادە و ملکەچ بوون. ئەوان هیچ مافێکیان نەبوو، چوونکە لە بنەڕەتدا نە مافێك پێناسە کرا بوو و نە دەقێکی یاسایش نووسرابوو و لەبەر دەستدا بوو، تا لەو ڕێگەیەوە ئەو خەڵکەیش ببنە خاوەن ماف. لە بنەڕەتدا

یەکێك لە خواستە سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی مەشرووتەیش، پێکهێنانی" دادوەرخانە" و بە زمانێکی دیکە پێکهێنانی" یاسا و بزووتنەوەی یاساخوازی"بوو. یاخیبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگا، بە دوای خۆیدا ڕێبەری، جووڵە و ئامادەبوونی ڕووناکبیرەکانی لە نێوئاخنی داخوازییەکانی مەشرووتەی لێ کەوتەوە. داخوازیگەلێك کە هەر لە سەرەتاوە خوازیاری" هەڵوەشانەوەی پاشایەتی" و "جێگیرکردنی یاسا"یە و بە خێرایی دەگۆڕدرێ بۆ داواکاریی بنەڕەتی و گشتیی کۆمەڵگا و هێزە پێشکەوتووەکان.

لە سەر ئەم بنەمایە مەشرووتییەت بە گوتمانێکی نوێ لە بواری سیاسەت، یاسا، دادپەروەری، بەرابەری و چەمکە بنەڕەتییەکانی دیکەی وەرگیراو لە شارستانییەتی ڕۆژئاوا، بۆ مافە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکان لە کۆمەڵگای سەرەڕۆییلێدراوی سیاسی و بەدیلگیراوی ئایینی، زریانێکی مەزن و هەرمان تاکوو ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێران دروست دەکات. لە سەر بنەمای زۆریەك لە توێژینەوەکان، زانیارییەکان و ڕاستییە هەرمانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ئێرانی ئەمڕۆدا، دەتوانرێ کاریگەرییەکانی ئەو لە نێو هێزە سیاسییەکان، حیزبە سێکولارەکان، کەسایەتییەکان و چالاکەکانی بواری سیاسی، فەرهەنگی و فیکریدا بە ڕوونی ببینین. هەنووکەش لە ئێراندا داواکاری و خواستە بەدەستنەهاتووەکانی مەشرووتیەت، دوای ساڵانێك تێپەڕبوون بەسەر ئەم گۆڕانە

مەزنەدا، لە لایەن خەڵکی ئێران و هێزە سیاسی و پێشڕەوەکان لە دەسەڵاتی سیاسیدا کە ئەمڕۆ بە سەرەڕۆیی ئایینی ڕازاوەتەوە داوا دەکرێ. لەم گوتارەدا باس لەم بابەتە بنەڕەتی و سەرەکییە دەکەین. بۆچی و بە چ شێوەیەك ئیسلامخوازی و بە جۆرێك گوتمانی شەریعە کە گوتمانێکی سەرەڕۆ و ئایینی دژبەری ئازادی و لە بنەڕەتدا لەگەڵ مەشرووتە و ئامانجەکانی لە دژایەتیدا بوو، پاش ئەم هەموو ساڵە توانی بگاتە لووتکەی دەسەڵاتداریی سیاسی؟ شەریعە یان هەر ئەو سەرەڕۆیی ئایینیە لە چوارچێوەی شێخ فەزلوڵڵا نووری کە سەردەمێك لە لایەن هێزە پێشڕەو، پێشکەوتوو، سێکۆلار و ئازادیخوازەکانەوە بە پشتیوانیی خەڵکی ئێران،

ویستی داگیرکەرانی تاران، پشتیوانی بەشێك لە ئیسلامخوازەکانی پەیڕەوی مەشرووتییەت و ڕووناکبیرەکان کرا بە پەتی سێدارەوە، چۆن و بە چ شێوەیەك توانی بێتە گۆڕەپانی سیاسی یان دەسپێراگەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی و دەست بداتە پێکهێنانی حکوومەتێکی ئایینیەوە؟

پیلان و هۆکارگەلێك کە بوو بە هۆی توپبارانکردنی مەجلیسی شواری مللی و لە درێژەیدا درووستبوونی سەرەڕۆیی چووکە(استبداد صغیر). ڕەگی لە بیرۆکە ئایینیەکانی دژی مەشرووتە، دژی ئازادی بەڵام خوازیاری مانەوەی سەرەڕۆیی پاشایەتیدا بوو. سەرەڕۆیی بە دوو باڵی زۆر کۆنەوە، تێکچنراو و خاوەنی تواناگەلی دارایی و بەربڵاو لە بەرانبەر ئیرادە و ویستی هێزە سیاسیەکان، پێشکەوتنخواز و خەڵك بۆ ئازادی و دادوەری ڕاوەستا بوون. هەموو ویست و هەوڵی مەشرووتەخوازەکان کە پێکهێنانی سیستمێکی دێموکراتیك، یاسامەند، پێشەنگ لە یاساو خوازیاری پەرەسەندن و دادوەری بوون لە لایەن هێز و دەستوپێوەندییە ئاشکراو شاراوەکانی دامەزراوەکانی سەرەڕۆیی و دژی ڕابوونی ئێرانییەکان کەوتە بەر هێرشەوە. چ لە کاتی بزووتنەوەکان و جموجۆڵە سەرەتاییەکان بۆ پێکهێنانی شۆرا جیاوازەکان بۆ خەبات دژی سەرەڕۆیی، نەزانی و خورافاتی ئایینی و چ لە سەردەمێکدا کە مەشرووتییەت بە یەکەمین سەرکەوتنەکانی خۆی دەگا.

لە بڕگە جیاوازەکانی هەڕەشەدا، هێرش و پیلانە بەردەوامەکان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مەشرووتییەتدا درێژەیان هەیە. دامەزراوە سوننەتی و خاوەن دەسەڵاتی سیاسی و ئایینیەکان لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکاندا بە شێوەیەکی جیددی بەرنگاری و بەرخودان دەکەن. هەلومەرجی دواکەوتووی بەربڵاوی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ زانستە نوێیەکان، ئاستی فێرکاری، سەوادی گشتی، کۆمەڵگای سوننەتی، دواکەوتوویی فیکری و فەرهەنگی، لە تەنیشت هەلومەرجە پێکهاتەییەکانی دیکەی زاڵ بە سەر ئێرانی ئەو ڕۆژەدا، ئەو پێگەیەی بە دوژمنانی ئازادی و دادوەری بەخشیبوو تا لە مەترێزی ئایین و پاشایەتیدا لە بەرامبەر ویستی خەڵکدا ڕابوەستن. بەڵام بە بەرەنگارییەکی ئێجگار مێژوویی ئازادیخوازان و دوور لە بیروڕای سەرەڕۆکان و دواکەوتوانی ئایینی، خەڵك لە ناوچەگەلێکی دیکە لە ئێراندا و هەروەها پاڵپشتی و هاوڕیی زۆریەك لە مامۆستایانی ئایینی و نوێخوازانێك کە ڕزگاریی خەڵکیان لە سەرەڕۆیی و لە هەر چەشنە چەقبەستوویەکی فیکری و ئایینی بە باشتر دەزانی، مەشرووتەخوازان، بوون بە سەرکەوتووی کۆتایی گۆڕەپانەکە.

بەشێك لە ئاخووندەکان کە هەستان بە پاڵپشتی مەشرووتە، کۆمەڵێك کەسایەتی بوون کە پیشەیان ئاخووندیەتی بوو بەڵام لە بار و ڕوانگەی فیکری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕیزی نوێخوازان و ڕۆژئاواخوازەکاندا بوون. کەسانێك وەك سەید ئەسدوڵڵای خەرقانی کە لە نزیکان و بازنەی فیکری و کاریگەر لە بەیتی ئاخووند خوراسانیدا بوون. شێخ ئیبراهیم زەنجانی، سەید حەسەن تەقیزادە، مەلکۆلمۆتەکەلمین و کەسانی دیکە لە تەنیشت و هاوڕێ دەگەڵ ئاخووندەکانی دیکە، ڕووناکبیران، بروکراتخوازەکان و بازرگانان ڕۆڵێکی بنەڕەتیان لە پێشکەوتنی پڕۆگرامەکانی مەشرووتەدا بوو. مەشرووتییەت بە دوای دەسبەسەرداگرتنی تاران لە لایەن مەشرووتەخوازەکان و هاوڕێتی ئەم کۆمەڵە لە ئاخووندە نوێخوازەکان، بەسەرکەوتنی بنەڕەتی

و سەرەکیی خۆی دەگات. ئەو سەرکەوتنەوە کە بوو بە هۆی دوورخستنەوەی سەرەڕۆیی پاشایەتی و لە سێدارەدانی دواکەوتوویی ئایینی و وەلانانی گوتمانی شەریعە لە لایەن پاڵپشتان و پەیڕەوانی مەشرووتەوە. دوابەدوای سەرکەوتنی مەشرووتەخوازەکان بە سەر سەرەڕۆیی و دوورخستنەوەی حەمەعەلی شا و پاڵپشتانی ئایینی پاشایەتیدا، مەشرووتییەت بە جۆرێك دەکەوێتە سەر ڕێگەی سەرەکیی خۆیەوە. ئەم ڕێگە و ڕێبازە، گۆڕانکاری و وەرچەرخان لە چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان یان پێکهێنانی یاسا بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە سەر بنەمای بیرۆکە نوێیەکانە. هەر چەند کە لەم بڕگەدا مەشرووتەخوازەکان، هێزە دێموکراتێك و سێکۆلارەکان لە کۆمەڵگا، مەجلیس، چاپەمەنیەکان، دەوڵەت و دامەزراوەکانی دیکەی هەڵقوڵاو لە مەشرووتەدا دەستیان دایە هەوڵێکی گەورە بۆ گۆڕانکارییەکان، بەم حاڵەش بە هۆی ساڵانێك زاڵ بوون و دەسەڵاتی سەرەڕۆیی و ئایینی بە سەر خەڵکدا، نەیانتوانی لە زاڵبوون و تەشەنەی دین و یاساکانی شەریعەت بە تەواوی ڕزگاریان بێ. چوونکە یاسای بنەڕەتی دەبوا لەگەڵ ئایین و شەریعەتی دینیدا پێکناکۆکی و دژایەتی نەبێ. واتە ئێمە بینەری دەسەڵاتی بیرۆکە و بیروبڕوا ئایینیەکانی شێخ فەزلوڵڵا و شەریعەتخوازان لە سیاسەت، لە سەر بنەمای هەمان"ئەسڵی پاشکۆی یاسای بنەڕەتی"ین کە بە سەر یاسای مەشرووتە لە ئێراندا داسەپا. پاشکۆیەك کە بەردەوام ڕۆچنەیەك بۆ ئامادە بوون، هەناسەکێشان و لە کۆتاییدا گەڕانەوەی یاسا ئایینیەکان و دواکەوتوویی لە بیاڤی سیاسەت لە ئێراندا بووە. بەمشێوە کە زۆریەك لە هۆکارەکان لە تەنیشت یەکدا بوون بە هۆی ئەوەی کە یاسا ئایینییەکان، بوونی خۆیان بەسەر بیرۆکە نوێ و مودێرنەکانی کۆمەڵگادا کە ڕووناکبیران و شارەزایانی کۆمەڵگا نوێنەرایەتیان دەکرد دابسەپێنن. یان بە جۆریەك ئەم ڕووناکبیر و نوێخوازانەی بیاڤی سیاسەت و کۆمەڵ بوون کە بە هۆی هەلومەرجی کۆمەڵگای سوننەتی و ئایینی ئێران بەم ڕێککەوتنە ڕازی بوون. ماشەڵڵا ئەجودانی لە کتێبی مەشرووتەی ئێرانی دا دەڵێت:" نووسەرانی ئێمە وەك میرزا مولکم خان و میرزا یوسف خانی موستشارولدەولە بە نادرووست لە نێوان ئامووزەکان و حوکمە ئایینیەکان لەگەڵ دێموکراسی ڕۆژئاوایدا جۆرێك هاوتاییان خستە روو واتە یەك " اینهمانی"یان پێکهێنا". بە وتەی ئاجودانی دێموکراسی ڕۆژئاواییان بە وانەگەلێك وەك "امر بە معروف و نهی از منکر" گۆڕی. (مشرووتە شکستی نەخوارد، ناتەواو ما، وتووێژی زوهرەی ئاقایی لەگەڵ داریوشی ڕەحمانیان، مێژووی ئێران). سەرەڕای ئەم بارودۆخانە و پاش ساڵانێك هەوڵ و ڕۆشنگەری لە لایەن شۆرا نهێنییەکان لە فێرکارییە سیاسیەکان و داخوازییەکانی خەڵك لە بەرامبەر سەرەڕۆیی و زاڵبوونی دواکەوتوویی ئایینی، کە لە لایەن ڕووناکبیران و چالاکانی کۆمەڵایەتییەوە بەڕیوەچوو بوو پاش گرتنی تاران و هاوڕێیەتی بەربڵاوی هێزەکانی دژی سەرەڕۆیی، بەدەر لە ناوەند لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بوو بە هۆی بەهێز کردنی بەرەی مەشرووتیەت و ئازادیخوازان.

کۆتای بەشی یەکەم

**درێژەی هەیە...**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 620 ▪ 5 Jon 2014

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


# ڤیرووسێک زیاتر لە هەزار دۆلفین لەنێو دەبات




بەپێی هەواڵی ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکا، بەهۆی ڤیرووسێکەوە زیاتر لە هەزار ماسی جۆری دۆلفین لە ماوەی ڕابردوودا لەنێوچوونە.
لەمبارەوە ئیرین فوگیریس شارەزا لەم بوارە ڕایگەیاند: ڤیرووسەکە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە و ئێمەش بەدواداچوونی ورد بۆ ئەم کێشەیە دەکەین.
گوتیشی: هیچ ئاماژەیەك نییە بۆ لەنێوچوونی ڤیرووسەکە، بەڵکو ڕۆژانە هەست دەکەین دۆلفینی زیاتر دەکوژێت.
بەپێی ئامارەکانی دەستەی ژینگەی ئاوی نیشتمانی لە ئەمەریکا نزیکەی ٣٩ هەزار دۆلفین لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی فلۆریدا هەیە، و لەساڵی ١٩٨٧ -١٩٨٨ نزیکەی ٧٤٠ دۆلفین بەهۆی ئەو ڤیرووسە لەنێوچوون، بەڵام تا ئێستا نازانرێت هۆکاری سەرهەڵدانەوەی ئەو ڤیرووسە چییە کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا زیاتر لە ١٥ دۆڵفینی دیکەی لە نێو بردووە.

# ڕۆنی ماسی ئاستی مێشک بەرز دەکاتەوە



زەیتوون و ماسی و سەوزە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی تواناکانی مێشکن.
توێژەران دەڵێن جیا لە سوودە تەندروستییە ئاساییەکانی ئەو جۆرە خۆراکانە، توانای بیرکردنەوەی مێشك و شێوازی بیرهاتنەوە و چەندین سوودی دیکەی بۆ مێشك هەیە و لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە خۆراکەکە هەندێك بەشی مێشك دەجوڵێنێ کە بەهۆی زۆرخۆری و تەمبەڵیی جەستەییەوە فێری تەمبەڵی بوون.
ڕۆژنامەی دەیلی میلی بەریتانیایی دەڵێ زاناکان ئاشکرایان کردووە کە وزەی باش لە خۆراکی باش و بەسوودەوە بەرهەم دێت و ئەو نامانەی مێشك هەڵیان دەگرێت پەیوەندی بە جۆری ئەو پرۆتۆئینانەوە هەیە کە مرۆڤ دەیانخوات.

# چەند ڕێگایەکی ئاسان بۆ چارەسەرکردنی سەرئێشە



**سەرئێشە یەکێکە لە ئازارە توندەکانە کە تووشی مرۆڤ دەبێت و بە سێیەم ئازار دادەنرێت لە نێوان ئازاری ئەندامەکانی دیکەدا، لە ئێستادا کەسانێکی زۆر لە سەرتاسەری جیهاندا بەدەست ئەم ئازارە دەناڵێنن. بەڵام بۆ چارەسەکردنی ئەمە دەتوانیت پەیڕەوی ئەم ڕێگایە بکەیت.**

**١.لە ڕۆژێکدا دووجار یان زیاتر بە قووڵی هەناسە بدە.**

**٢.زۆرێك وا هەست دەکەن بە هۆی بەکارهێنانی بۆنێکی تیژەوە تووشی ئەم سەرئێشەیە دەبن، بۆ ئەمەش باشتر وایە دووربکەونەوە لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە بۆنە، بۆنی نەعنا یەکێکە لەو بۆنانەی کە سوودی هەیە و کەسەکە هەست بە ئارامی دەکات بۆیە دەتوانن بۆ چارەسەرکردنی ئەم سە ر ئێشە یە بۆ ن بە نەعناوە بکەن.**

**٣.ڕۆشتن واتە پیاسە کردن یەکێکە لەو دیاردانەی کە دەبێتە هۆی چالاك کردنی سووڕی خوێن و خوێن لە لوولەکانی خوێندا بە باشی هاتوچۆ دەکات، بۆیە دەبێت لە ڕۆژێکدا چەند خولەکێك پیاسە بکەیت و زۆرجار لە کاتی سەرئێشەدا ڕۆشتن سوودێکی زۆری هەیە بۆ چارەسەرکردنی.**

**٤.لە کاتی ئازارەکەدا بە پەنجەت نێوانی برۆکانت ماساژ بدە، واتە دەبێت پەنجەت لە نێوانی برۆکانتەوە ببەیت بۆ لای نێوچەوانت ئەمە چەند جارێك دووبارە بکەرەو سوودی دەبێت.**

**بەڵام ئەگەر ئازارەکەت بەو شێوازانەی سەرەوە چاك نەبوو دەبێت سەردانی پزیشکی تایبەتی بکەیت.**

## زایەڵە

فاتیح ساڵحی

### هەموو وادەکانی سەرکۆمار (مادەی پێنجەم)

ڕاگەیەندراوی ١٠ ماددەیی حەسەن ڕووحانی دەنگۆیەکی زۆری نایەوە لە نێو ئەو کەسانەی کە بانگەشەی هەڵبژاردنیان دەرکرد بۆ ناوبراو و بەداخەوە هەندێ کەس پێیان وابوو کە ئەم ڕاگەیەندراوە ١٠ ماددەیە کە بە مەنشووری سێهەم بەناوبانگە، دەتوانێ ئەوان بە بەشێك لە ویست و داخوازییەکانی خۆیان لە سیستمی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و خودی حەسەن ڕووحانی وەك سەرکۆماری ئەو سیستمە بگەیەنێت. چون لە خودی دەقی مەنشوورەکەدا هاتبوو کە ئەم هەڵبژاردنە، دەرفەتێکی مێژووییە بۆ دابینبوونی بەشێك لە داخوازییەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران.
لە ژمارەکانی پێشوودا باسمان لە ٤ ماددەی مەنشووری سێهەم کردبوو. لەم ژمارەیەدا دەپرژینە سەر پێنجەمین مادەی مەنشووری سێهەمی حەسەن ڕووحانی کە تایبەت بوو بە مافی نەتەوەکانی ئێران.
ماددەی پێنجەم: "بەهێزکردنی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی نەتەوەکانی ئێران و پێشگرتن لە ڕۆچوونیان بە مەبەستی پاراستن و پارێزگاری لەم میراتە کۆنەی ئێران."
بەدەر لە نێوەرۆکی ئەم ماددەیە کە ئەرکی بنەڕەتیی هەر سیستم و حکوومەتێکە، خاڵێکی سەرەنجڕاکێش کە لەم وادەیەدا زیاتر لە باقی ووشەکان لە ڕستەکەدا خۆی دەنوێنێ، ووشەی "میرات"ە. واتە هەموو نەتەوەکانی ئێران موڵکی بێ ئەملاو ئەولای نەتەوەی باڵادەستن و ئەو نەتەوانە خاوەنی فەرهەنگ و کولتووری خۆیان نین و بەڵکوو ئەوە سیستمی زاڵ بەسەر ئێرانە کە خاوەنداریەتی ئەم نەتەوانە دەکات و ئەم نەتەوانە بە درێژایی مێژوو وەك پاشکۆی نەتەوەی دەسەڵاتدار لە پەراوێزی وڵاتی ئێراندا ژیاون. لەوەیکە ئەم نەتەوانە واتە (کورد، تورك، بەلووچ، عەرەب و تورکەمەن) هەمیشە وەك کەسانی بێگانە سەیر کراون و لە پەراوێزی دەسەڵاتداریەتی لە ئێراندا ماونەتەوە هیچ قسەیەك نییە. بەڵام بە هۆی ئەوەیکە هەرکام لەم نەتەوانە خاوەن شوناسی سەربەخۆی خۆیانن هیچ کات ناتوانن وەك میرات بۆ نەتەوەیەکی دیکە بمێننەوە و خاوەنێکیان جگە لە خودی ئەو نەتەوانە نییە کە زیاتر لە خودی ئەوان بە پەرۆشیی بەهێزکردن و پەرەپێدانی فەرهەنگ و کولتووریان بێت.
بەڵام بەهەر شێوە تا بە ئێستاشی لەگەڵدا بێت هیچ هەنگاوێکی بە کردەوە لەم پێناوەدا واتە، بەهێزکردنی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی نەتەوەکانی ئێران هەڵنەگیراوە و بەڵکوو بە پێچەوانە دەبینین کە لە هەندێ شوێنندا وەك کوردستان، هەنگاوەکان گەڕانەوەن بۆ دواوەوە و لەم ڕاستایەدا نەتەنیا هیچ بنکە و سەنتەرێکی نوێ بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی دانەمەزراوە بەڵکوو بە پێچەوانە داخراون. بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە دەتوانین هێما بکەین بۆ داخرانی "ئەنستیتۆی ئەحمەد خانی" لە شاری ورمێ و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی چالاکی گرووپە هونەرییەکان و هەروەها گرتن و دەستبەسەر کردنی نووسەران، ڕۆژنامەنووسان، سینماکاران و هونەرمەندانی کورد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی ئێران.